# عەلیی تەرەماخی و بەکارهێنانی زمانی قسە پێکردنی ڕەسەنی خۆجێی لە خوێندنی مەدرەسان لە کوردستان

مکاییل لیزنبێرگ/ زانکۆی ئامستردام
وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: حەسەنی قازی

## هەڵێنجاوی باس

سەرفا کورمانجی عەلیی تەرەماخی هێشتا ئەو ئاوڕە ڕەخنەگرانەیەی لێ نەدراوەتەوە کە لێی دەوشێتەوە. ئەو شوێنەوارە لە لایەن ئاگوست ژاباوە وەک دەقێکی کە " نرخێکی کەم" ی هەیە بەرپەرچ دراوە؛ بەڵام لە ڕاستیدا، گرینگییەکی هەرە زۆری هەیە هەم بۆ لێکۆڵینەوە لە مەڕ زمانی کوردی و هەم بۆ خوێندنی کوردی. ئەو شوێنەوارە نەک دەستنوسی هەرە کۆنە سەبارەت بە ڕێزمانی کوردی، واتە تەنانەت بەر لە گڕاماتیکای گارزۆنی لە ساڵی 1787،بەڵکوو بریتیشە لە یەکەم نموونەکانی نووسینی پەخشان بە زمانی کوردی. سەرهەڵێنانی دەقی پەخشانی بۆ خوێندنی کوردی لە سەدەی هەژدەهەمدا لایەنێکی ڕەوتی "ڤێرناکیولا ریزەیشن"ە، واتە، بەکارهێنانی زمانێکی ڕەسەنی خۆجێی بۆ مەبەستەگەلی نوێ بۆ پێ نووسینی ئەدەبییات و بۆخوێندن. ڤێرناکیولاریزەیش، وەک لە خوارەوە باسی دەکەم، بە بۆچوونی من سەرەتایەکی گرینگە بۆ پەیدا بوونی ووشیاریی نەتەوەیی.لەم نووسینەدا ئەمن بە کورتی باسی ڕچەی پێشوەچوونی هاوشێوەی هێندێک لە هاوچاخەکانی نیزیکی تەرەماخی ش دەکەم.

## پێشەکی 1

میسیۆنێری ئیتالیایی ماوریتسیۆ گارزۆنی زۆر جار بە " باوکی کوردزانی" نێو زەد دەکرێ و بەڵگەی باشێش بۆ ئەم قسەیە هەیە: چونکە، ئەو یەکەم کەس بوو ڕێزمانێکی هەموولایەنەی لەهجەیەکی کوردی، واتە لەهجەی شاری عیمادییە گردەوەکۆیی بکا. 2 لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر کەم پێی زاندراوە، کتێبەکەی گارزۆنی، کە لە ساڵی 1787دا بڵاو بووەوە، لە ڕاستیدا یەکەم شێکردنەوەی ڕێزمانی کوردی نییە، بەڵکوو بەر لە کتێبەکەی گارزۆنی کتێبێکی ڕێزمان لە لایەن زانایەکی خۆجێی یەوە نووسراوە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم یان سەدەی هەژدەهەمدا ژیاوە؛ لەوەش زیاتر، ئەو ڕێزمانە نەک هەر سەبارەت بە زمانی کوردییە، بەڵکوو بە زمانی کوردیش نووسراوە. ئەوە کارێکی عەلیی تەرەماخی یە کە بە سەرفا کورمانجی، یان تەسریفا کورمانجی و یان هەر بە تەسریف بەنێوبانگە.تەسریف خۆی لە خۆیدا دەقێکی بەنرخە: نەک هەر کۆنترین حەولە بۆ شیکردنەوەی ڕێزمانی ئەو زمانە کوردییەی لە گۆڕێدا بووە، بەڵکوو یەکەم نموونەی پەخشانی کوردی شە ( هەر وەک فندی ش لە ساڵی 1985 ئاماژەی پێ کردووە). تەنێ هەر لە بەر ئەو هۆیانە، ئەوە کارە گرینگییەکی سەرەکی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ئەو ئاوڕدانەوە زانستییانەی کە لێی دەوەشێتەوە لێی نەدراوەتەوە، تەنانەت ئەگەرچی لە نیوەڕاست سەدەی نۆزدەهەمەوە لە نێو کۆڕوکۆمەڵی زانایاندا بە هەبوونی شوێنەوارێکی ئاوا زاندراوە، یان دەبوو بزاندرێ. مەلا مەحموودی بایەزیدی (یان بازیدی) لە ساڵی 1857/1858 بە پێی داوخوازی کۆنسوولی ڕووسییە ئاگوست ژابا نووسخەیەکی لەبەر نووسییەوە، کە دوا جار گەیشتە سەنت پێترزبوورگ، لە گەڵ شوێنەواری دیکەی، وەکوو کورتەیەک لە مەم و زین ی ئەحمەدی خانی (کە لە ڕاستییدا

مەلا مەحموودی بایەزیدی نووسیویە): ووشەنامەیەکی شێوەزارەکانی حەکاری و ڕاوەندی کورمانجی؛ ڕێزمانی عەلیی تەرەماخی، کە بە کوردیی کورمانجی نووسراوە و؛ یاداشتێکی کورتی سەرەتایی لە لایەن بایەزیدییەوە "سەبارەت بە زانستی ڕێزمان و هێندێک لەو بنچینانەی کە بۆ خوێندنی پێویستن"، ئەوەش هەر بە کورمانجی.3 لە گەڵ ئەوەشدا، ئەو کۆمیسیۆنەی کە لە لایەن ئاکادیمی زانستەکانی شایانەی ڕووسییەوە لە بەر کار نرا بۆ بڵاو کردنەوەی ئەو مادە و کەرەستانەی کە لەلایەن ژاباوە کۆ کرابوونەوە، بڕیاریدا ئەو دەقەی تەرەماخی بڵاو نەکاتەوە. لە ڕۆژەڤی کۆبوونەوەی 18ی مەی 1859ی ئەو کۆمیتەیەدا هاتووە" بە بۆچوونی ئەم کۆمیتەیە، ووشەنامەی کوردی و ڕێزمانی عەلیی تەرەماخی بایەخێکی ئەوتۆیان نییە؛ لەوەش دەرچێ، ئەو نووسینانە ڕەنگە دەوری خۆیان بگێڕن لە پێداهاتنەوەی قامووسی تەواو و ڕێزمانی زمانی کوردیدا کە ئێستا لەلایەن ئاغای ژاباوە ئامادە دەکرێن. (vii:1860)

ئەو کورتەیە سەبارەت بە وەلانانی ئەم شوێنەوارە ڕەنگە نیشاندەری پێشداوەرییەکی ئۆریانتالیستی بێ، کە زانیاریدەرانی خۆجێیی وەک سەرچاوەی کەرەستەی خاو دەبینێ لە جیات ئەوەی کە بە سەرچاوەیەکی جیدی زانستکارانەیان دابنێ.4 لە ئاکامی بڕیاری ئەو کۆمیتەیەدا، ئەو دەقە تاساڵی 1971 بڵاو نەکرایەوە،لە چاپێکدا، کە لە لایەن مارف خەزنەدارەوە لە سەر بنەمای دەستنووسی بایەزیدیی پێترزبورگ ئامادە کرابوو، 5 بە نێوی دەستورا عەڕەبی ب زمانێ کوردی؛ بەڵام وەدەست خستنی ئەو چاپە زۆر زەحمەتە.6 لە ساڵی 1997، ئەو چاپەی خەزنەدار لە ستۆکهۆڵم لە لایەن زەینەلعابیدین زنارەوە، چاپ کرایەوە و تێیدا دەقەکەی خەزنەداری هێنایە سەر ڕێنووسی لاتینیی کوردی و کوردیی مۆدێرن. لە ساڵی 1985، ڕەشید فندی بەشێک لەو دەقەی لە بەغدا بڵاو کردەوە؛ و لە ساڵی 2005، مامۆستا قەدری هێندێک بڕگەی سەرفا کورمانجی کە لەمەڕ زمانی کوردییە لە گۆواری بیردا بڵاو کردەوە، بە ڕواڵەت لە سەر بنەمای چاپەکەی زنار. 7 ئەمن بە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی بەووردەڕیشاڵ نازانم کە لە سەر کارەکەی تەرەماخی کرابێ. بەڕواڵەت، وەکوو بەشێک لە میراتی ئەدەبی زمانی کوردی چاوی لێ ناکرێ تەنانەت لە لایەن نووسەرانی کوردیشەوە. بۆ وێنە، ئەمیری حەسەنپوور کارەکانی تەرەماخی (کە ئەو بە ئی سەدەی حەڤدەهەمی دادەنێ) و مەلا یوونس ئی سەدەی هەژدەهەم بە "پەخشانی نائەدەبی" دەناسێنێ، بەڵام ئەو پەخشانە ڕۆژنامەییانەی کە لە بڵاوکراوەکانی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا دەرکەوتن بە زەحمەت دەکرێ بگوترێ شێوەیەکی بەرزتری ئەدەبییان لەو شوێنەوارانە هەبووبێ. هەر بەوشێوەیە، محەمەد ئۆزوون یش لە سەرەتایەکدا کە بۆ کتێبەکەی خۆی لە مەڕ ئەدەبییاتی کوردی نووسیوە لە سەر کارەکانی تەرەماخی و مەلا یوونس بێدەنگەی لێ ڕاکردووە و، بنەچەکی ئەدەبی پەخشانی کوردی دەباتەوە سەر دوایین ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم. 8 بە ئاشکرایی، ئەو کارە پەخشانیانەی کە قسەیان لێوە دەکەین چ شێوازێکی ئەدەبی یان نییە، بەڵام هەر چۆنێک بێ، هیچ بابەتێکی مۆدێرنی گشتی لە مەڕ ئەدەبییات کە لەو سەروبەندەدا هەم پەخشان و هەم هۆنراوە وەبەر بگرێ هێشتا نەدۆزراوەتەوە.

جا بۆیە، سەرفا کورمانجی ئەوە دەهێنێ ئێمە سەرنجی بدەینە سەری، هەم لە بەر نرخی زاتی خۆی کە ڕەنگە کۆنترین دەقی پەخشان بێ لە زمانی کوردیدا کە باسی بابەتێکی زانستییانە دەکا و، هەم دواجار لە بەر ئەو کارلێکەرییەی کە لە سەر کولتووری کوردی بوویەتی. چ وەک یەکەم کاری پەخشانی ئامووزشتی کە بە کوردی نووسراوە و وەکوو یەکەم حەول بۆ شیکردنەوەی ڕێزمانی کوردی، ئەمن لە خوارەوە دەڵێم، تەسریفی تەرەماخی پێواژۆیەکی بەربڵاوتری ڤێرناکیولاریزەیشن دەسەلمێنێ، واتە بەکارهێنانی نوێی زمانی قسە پێکردن بۆ

بەکارهێنانی ئەدەبی و خوێندن و بۆ ئەدەبییاتی بەرز؛ لەوەش زیاتر، ئەوە هەر وەها ئاوێنەیەکە لە گۆڕانی ئیدیئۆلۆژی زمانی کە ئەو زمانە ڕەسەنە خۆجێیانەی کە پێشینەیەکی درێژی ئەدەبییان نییە، وەک کوردی، بەرز دەکاتەوە، لە پێوەندی لەگەڵ زمانە نووسینە بەرێزەکانی وەک عەرەبی وفارسی دا. جا بۆیە، دوای شیکردنەوەیەکی کورتی نێوەرۆکی تەسریف وئەو ئیدیئۆلۆژییە زمانییەی لێی دەخوێندرێتەوە لە بەشی یەکەم دا، لە بەشی دووهەم و سێهەمدا باسی جێگەی کارەکەی تەرەماخی دەکەم لە دیمەنێکی بەربلاوتری خوێندنی مەدرەسە لە بەرایییەکانی کوردستانی مۆدێڕن دا، دواجار باسی گرینگی خۆڕاگری ئەو پێواژۆیەی ڤێرناکیولاریزەیشنە دەکەم، بە جەخت کردن لە سەر دامەزران (یان شێوەی تازەی) بەرنامەی خوێندنی کوردی لە مەدرەسە و حوجرەیان بە دوای ئەو پرۆسەیەدا. ئەم نووسینە هەر وەها پرسی زۆر گشتی تری لە مەڕ دەوری شێوە بەرایییە مۆدێڕنەکانی زانست کە لە ڕووی ناوچەییەوە پێشکەوتن لە شکڵ پێدانی ناسێنە نەتەوەییە مۆدێڕنەکاندا دەورووژێنێ.9

1. سەرفی تەرەماخی: پێشینە و نێوەرۆک

ئێمە زۆر کەم سەبارەت بە ژیانی تەرەماخی دەزانین و، تەنانەت ئەوەش بە دڵنیایایەکی کەمەوە. سەرچاوەی هەرە بەرایی و هەرە گرینگ کورتە باسەکەی بایەزیدی یە.10 لە کۆکراوەی ژابا لە ساڵی 1860دا، بەر لە " یادداشتە بەرایییەکانی بایەزیدی" دەربڕینێکی دیکە هەیە کە هەر ئەوەندە گرینگە سەبارەت بەو نووسەرانەی کە یەکەم جار بە کوردییان نووسیوە، لەوانە عەلیی حەریری، مەلایێ جەزیری و ئەحمەدی خانی. ئەو دوو دەقانە هەر دووکیان - کە بەداخێکی زۆرەوە کورتن - دەبن بە کۆنترین سەرچاوە بۆ مێژووی بەڕێز، زانستکاری سەبارەت بە زمانی کوردی و ئەدەبی کوردی. بە پێی گێڕانەوەی بایەزیدی، عەلیی تەرەماخی لە گوندی تەرەماخ (ئێستا پێی دەگوترێ تاراماک یان یایلاکۆناک) لە قەزای مکس یان باهچەسەرای ئێستا لە ویلایەتی وان لە دایک بووە، دێیەک کە، بە پێی قسەی زانیاریدەرانی خۆجێیی، تا ئەو دوایییانەش دانیشتووی هەرمەنی هەبووە. تەرەماخی لە بەغدا، مووسڵ و، لە هەرێمی بادینان و سۆرانی کوردستان درێژەی بە خوێندن دا. ئەو زوو نێوبانگی بە هەموو کوردستاندا بڵاو بووەوە، بەڵام دوا جار گەڕاوە دێیەکەی خۆی و لەوێ مزگەوتێک و مەدرەسەیەکی دامەزراند و، هەر لەوێش نێژرا.

بایەزیدی دەنووسێ تەرەماخی لە دەورو بەری ساڵی 1000ی کۆچیدا ژیاوە ( 1591ی زایینی)، بەڵام وێدەچێ ئەوە بەروارێکی کەمتر ئاسایی بێ: ئەو هەر هەمان ساڵ بۆ ساڵی لە دایکبوونی خانی دەنووسێ و، بۆ دانی ئەو بەروارە باسی هیچ سەرچاوەیەک ناکا، ئەگەرچی ئەو دەبێ لە گەڵ مەم و زین ی خانی ئاشنایی هەبووبێ، هەر وەک چۆن گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە لە لایەن وییەوە بە ئاشکرایی نیشانی دەدا لە سەر بنەمای ڕیوایەتی خانی گەڵاڵە کراوە. لە دوایییەکانی مەم و زیندا، خانی بۆ خۆی بە ئاشکرا ساڵی 1061/1650 بە ساڵی لە دایک بوونی دادەنێ و، لێی زیاد دەکا لە کاتی تەواو کردنی شێعرەکەیدا تەمەنی 44 ساڵ بووە، کە ئەوەش تەئریخێکی وورد 1695/1105 سەبارەت بە پشکووتنی بەدەستەوە دەدا (بەیتی 2553-2652). ئەو ساڵەی کە لە لایەن بایەزیدییەوە بە ساڵی مردنی خانی داندراوە، واتە 1652/1063، تەنانەت بە پێی پێوانەکانی خۆشی ڕێک نییە، چونکە ئەو بەر دەوام دەبێ و ئاماژەی پێ دەکا سمایلی بایەزیدی، کە ئەو وەک شاگردی خانی باسی دەکا لە ساڵی 1652/1063 لە دایک بووە. کە وابوو ساڵی 1591/1000 لە هەژمارێکی لە گۆترە نەبێ زیاتر نییە.

وا ویناچێ زانستکارانی مۆدێرن لە قسەکانی بایەزیدی تێپەڕێنن، بۆیەش مارگاریت ڕۆدێنکۆ، لەو شیکردنەوەیەدا کە لە سەر دەستنووسەکەی ساڵی 1858ی کردووە، عەلیی تەرەماخی دەباتەوە " نیوەی یەکەمی سەدەی یازدەهەمی کۆچی" واتە، نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەم. 11 ئێمە بە پارێزەوە دەکرێ بڵێین کە ئەو کارە دەگەڕێتەوە سەر کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم یان تەنانەت سەدەی هەژدەهەمیش، لەگەڵ ئەوەشدا، بە ڕۆنانی لە ئاست کارێکی دیکە (یان بە قسەیەکی ووردتر، ئەگەر ئەو دوو شوێنەوارە بە گشتی بەیەکەوە هەڵبسەنگێندرێن) ی کە دەشێ بەراوەرد بکرێن، واتە زرووف و تەرکیب ی مەلا یوونسی خاڵقاتینی یان هارقاتینی، کە ئەویش بە کوردی نووسراوە و لە سەر سینتاکس یان نەحو (ڕستەسازی) عەرەبی یە. ئەو دەستنووسەی لەو شوێنەوارە لە پێترزبوگ بە دەستەوەیە - کە تائێستا چاپ نەکراوە - ساڵی 1785/1200 بە ساڵی مردنی خاڵقاتینی دادەنێ، لە کاتێکدا ئەو دەستنووسەی لە ماربورگ/بێرلین هەیە ئەو تەئریخە وەک 1701 باس دەکا. 12 کە وابوو. بە تێڕادیوی دەکرێ مەلا یوونس بگێردرێتەوە سەر سەدەی هەژدەهەم و، بێ بەڵگەش وەبەرچاو نایە ئەگەر تەرەماخیش هەر بە ئی ئەو سەروبەندی یان ڕەنگە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم بزاندرێ: وەک لە خوارەوە دەبیندرێ، کارەکەی وی لە سەر بنەمای سەربەخۆ ولە چوارچێوەیەکی بەربڵاوتردا دەگونجێ لەو سەروبەندەدا بووبێ.

ئێستا ڕێگا بدەن با لە نیزیکەوە چاوێک بە دەقەکەی تەرەماخیدا بخشێنین. 13 وەک لە نێوەکەی ڕا دەردەکەوێ، ئەو کارە لە مەڕ بابەتێکی نەریتی سەرف یان تەسریف ە ("ووشە ڕۆنان"، یان زۆر دروستتر "گەردان کردن")؛ ئەو زاراوەیە هەم ئەو دیاردەیە و هەم ئەو لکە لە زانستی زمانناسی کە پێیەوە خەریک دەبێ نیشان دەدا. لە سەدە بەراییەکانی ئیسلامیدا، سەرف وەک بەشێک لە زانستەکانی زمانناسی زمانانی عەرەبی پێش کەوت لە شوێنی وەک بەسرە و کووفە. بابەتێکی پێوە گرێدراو یان ژێر بەشی بریتی یە لە نەحو (ڕستەبەندی) یان سینتاکس. ئەو دوو بابەتە لە ڕووی نەریتییەوە خەسڵەتیان بە ڕیز ئاوا دیاری کراوە، یەکەمیان بریتییە لەو گۆڕانانەی لە نێو ووشاندا دەکرێن و کۆتایی گەردانکراوی ووشان و ئەوی دیکەیان جێی ووشان دەنێو ڕستەدا (بڕوانە ئۆون 1988:99)14. لێرەدا مێژووی بەرایی سەرف جێی باسی ئێمە نییە: لەم نووسینەی ئێستادا، نوختەی هەرە گرینگ ئەوەیە، کە بەو پەڕییەوە تا سەدەی دوازدەهەم، سەرف بوو بە بەشێکی تەواو جێ گرتوو لە بەرنامەی خوێندنی مەدرەسەی نەریتی دا و، ئەو بابەتە لە ڕووی ژمارەیەکی کەم لە دەقی شەرعی یەوە بە دەرس دادەدرا، وەکوو کتێبی سەعدەدینی سەعدولتەفتەزانی. لەوەش زیاتر، دەقی سەرف بۆ زمانەکانی دیکەش نووسران، لە هەموان گرینگتر بۆ فارسی و تورکی. ئەو کارانە ووشەی تێکنیکی عەرەبیان بەکار دەهێنا بۆ شی کردنەوەی سەرفی ئەو زمانانەی کە خزمایەتیان لە گەڵ عەرەبی نەبوو و، لە سەر بنەمای زمانی عەرەبی و بە پێی ئەو زمانە ئەو زمانانەیان شی دەکردەوە. بۆ زمانی فارسی، یەک لە دەقە هەرە کاریگەرەکان بریتی بوو لە سەرفی میر نووسینی ئیسماعیل بنی حوسێن ئەلجورجانی، کە وەک میر سەیدیش بانگ کراوە (ساڵی مردن1137). لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ، کە مێژووی زانستەکانی دواتری زمانناسی عەرەبی و دابەزاندنیان لە سەر زمانەکانی دیکە بەرێژە بابەتێکە کە لێی نکۆڵدراوەتەوە.

ئەگەرچی لە نیوەی یەکەمی کارەکەیدا تەرەماخی باسی سەرفی عەرەبی دەکا بەڵام دەکەوێتە پاڵ نەریتی ئەو کارانەی بە عەرەبی لە سەر سەرفی زمانە ناعەرەبییەکان کراون. بە ئاشکرایی دەردەکەوێ مەبەست لەو کارە دەقێکی دەستپێکردن بێ: ئەگەرچێ پشت دەبەستێ بە نەریتێکی دوور و درێژی لێکۆڵینەوەی سەرف بە عەرەبی (و، تا ڕادەیەک فارسی)، لە کارەکەدا تەنێ باسی کتێبی سەعدەدینی تفتەزانی کراوە (خەزنەدار 44؛ زنار

46). دوای پێشەکییەکی کورت و باسی گرینگی سەرف بە گشتی و پێداویستی بە هەبوونی سەرفێکی کوردی بە تایبەتی (خەزنەدار 30-29؛ ز 15-13)، تەرەماخی لە یەکەم بەشی کتێبەکەیدا سەرەتاکانی سەرفی عەرەبی شی دەکاتەوە و، دوایە لە بەشی دووهەمدا کە هێندێک لە بەشی یەکەم کورتترە باسی سەرفی فارسی دەکا و ئەو بەشە بە ژمارەیەکی بەرچاو تێبینی لە سەر زمانی کوردی بە کۆتا دینێ (خ 53-46؛ ز66-49) و قسەکانی بە ئاماژەیەکی کورت بە دژوار بوونی ئەو زانستە و گرینگی زانینی بناخەکانی (قەواعید) کۆتایی پێ دەدا.

لە سەرەتای کارەکەیدا، تەرەماخی ناساندنێکی زمانی عەرەبی لە مەر سەرف بەکار دەهێنێ وەکوو تحویل الاصل الوحید الا امثله مختلفه (وەرگێڕانی بنچینەیەکی تاقانە بە بنچینەی وەکوو یەکی بەڵام جوێ)، دوایە ئەو ناساندنە وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی بە بێ شیکردنەوەی زیاتری ئەو زاراوەیەی باسی لێوە کراوە (خ 29؛ ز 14)؛ زۆر گشتی تر بڵێین، زاراوە تێکنیکییەکانی زمانی عەرەبی بەگشتی زۆر بە وورده ڕیشاڵ شی نەکراونەتەوە وەک ئەوەی کە زمانەکە بۆ شاگردەکان زیاتر ئاشنا بوو بێ و، ئەوانە بە نموونەی کۆنکرێت نیشان دراون. دوای ناساندنی گشتی خۆی، تەرەماخی باسی جیاوازی نەریتی نێوان ناو (ئیسم)، کردار (فێعل)و، حەرف دەکا:، بەڵام لێرەدا بە دەرەجەی یەکەم باسی جیاوازی مانایی ئەوانە دەکا تا ئەوەی کە لە ڕووی ڕۆنانەوە شییان کاتەوە، بە ڕواڵەت بە پێی ڕەوتێکی نابەسڕەیی لێکۆڵینەوەی سەرفی زمانی عەرەبی. 15 جا بۆیە، تەرەماخی خەسڵەتی ناوان وەکوو دەربڕینی تاکانە نیشان دەدا کە مانایەکی تاکانە یان سابیتی لە مەڕ خۆیان هەیە؛ کردار زاراوەی ئەوتۆن کە دەکرێ مانای جیاوازیان لێ دەرکەوێ (چەند مەعنای جودا جودا) و حەرف یش سەربەخۆ مانایان نییە. (خ 30؛ ز 15). لە یەکەم بەشی سەرفا کورمانجی دا، کە بەتەواوی تەرخان کراوە بۆ زمانی عەرەبی، تەرەماخی لە باسی شێوەی جیاوازی هەر کام لە بابەتەکانەوە دەست پێدەکا، لە پێشدا ئەو شی دەکاتەوە کە (ئیسم) شەش جۆری هەیە، دوایە هەشت پاڕاگراف (فوسووڵ) تەرخان دەکا بۆ ڕۆنانی کردار و لەو بەشەدا قسەکانی بە پاڕاگرافێکی درێژ بۆ لیستی ژمارەیەک لە حەرفی تەعریفی عەرەبی تەرخان دەکا.

بەشی دووەم (خ 53-46 ؛ ز 66- 49) زۆربەی تەرخان کراوە بۆ سەرفی فارسی و کوردی. تەنانەت ئاوڕدانەوەیەکی کورت لەو بەشە دەستبەجێ دەری دەخا کە لێدوان لە سەر ئەو دوو زمانانە بە شێوەیەکی کوێرکوێرانە و مێکانێکی بە دووی بەشی پێشودا نەکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بە پێچەوانەی بەشی لە مەڕ زمانی عەرەبی، ئەو بەشە لە لێدوان لە (ئیسم) ەوە دەست پێناکاو بە دوای ئەودا فێعل و حەرەف؛ بەڵکوو، لە پێشدا باسی فێعل دەکا و بە دۆخی ڕابردوو (فعل الماضی) دەست پێدەکا کە تەنێ وەک تۆوێکی بەستراوە بە لێدوان لە مەڕ ووشەڕۆنانی کرداری زمانی عەرەبی وەبەرچاو دێ. ئەو پاڕاگرافە نۆ پاڕاگرافی بە دوو دادێ بۆ باسی لایەنە جیاوازەکانی گەردانکردنی کردار، وەک لە دۆخی ئێستادا (فعل المضارع)، ناوی چاوگی تێپەڕ و تێنەپەڕ، فەرمان و نەهی، لە زمانی فارسی و کوردیدا، و تەنێ ناڕاستەخۆ لە عەرەبیدا: بە ئاسایی باسی بابەتەکانی سەرفی کوردی بە تەنیشت هەمان بابەت لە فارسیدا شی کراونەتەوە، و بە نموونەیی بە دەستە ووشەی وەک لاکین یان ئەمما (واتە لە گەڵ ئەوەشدا) دەست پێدەکەن، وەک ئەوەی نووسەر بییەوێ جیاوازی لە گەڵ فارسی نیشان بدا. جا بۆیە تەرەماخی بە سەر داگیراوی دەڵێ ئەو بە تەواوی ئاگای لە جیاوازی سەرەکی بناخەیی لە نێوان کوردی و عەرەبیدا هەیە و، هەر وەها لە وەکوویەکی سەرەکی بناخەیی لە نێوان کوردی و فارسیدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، چاوڕاکێشە، تەرەماخی هەر باسی دۆخی ڕابردووی کرداری تێنەپەڕی "ڕەفتەن" لە فارسیدا دەکا و، بە تەواوی گەردانکردنی دۆخی ڕابردوو لە کوردیدا لە بیر دەباتەوە؛ ئەگەر ئەوەی کردبایە، ئێمە لەوکارەدا یەکەم شیکردنەوەی لەمەڕ بناخەی ئێرگاتیڤ مان دەدۆزییەوە کە کورمانجی دەنێو زمانناساندا بە هەبوونی بەنێوبانگە. ڕەنگە هۆیەکی ئەو دەرهاویشتن و باس نەکردنە لە لایەن تەرەماخی یەوە لە بەر ئەوە بێ، کە لە کوردیدا، ئەو جۆرە لایەنانەی گەردانکردنی کردار وەک سەر بە نەحو بیندرابن و نەک سەرف (بە پێی ناساندنی یەکەمی ئۆوێن لە مەڕ نەحو کە پێشتر باس کرا)؛ بەڵام لە نەبوونی کاری بڵاوکراوە لە مەڕ نەحو بە کوردی، زەحمەتە سەبارەت بەو بابەتە بڕیار بدرێ. هەر وەها لایەنێکی دیکەی چاوڕاکێش باس نەکردنی جێناوی کەسی (زەمیر) لە دۆخی کەسی سێهەمی تاک دایە ئەو/ وی/وێ، کە ئەوە تەنێ لە چوارچێوەی جێناوی ئاماژە (اسماء الاشارە)دا باس کراون تا وەک ئەوەی وەک جێناوی کەسی باس بکرێن (خ 52-51؛ ز 61). تەنانەت زۆر سەرنجڕاکێشتر هیچ باس نەکردنی سیستمی دۆخە لە کوردیدا، ئەوەش لە بەر ئەوەی کە فارسی ئەوەی نییە، یان - زۆر زیادتر وێدەچێ - لە بەر ئەوەی کە کۆتایی دۆخان لە کوردی دا هەر وەک عەرەبێ وا دادەندرێ کە بەشێک لە نەحو بێ.

لە ئاکام دەرخستندا، تەرەماخی جارێکی دیکە گرینگی خوێندنی بنچینەکانی سەرف دادەگرێتەوە ودەڵێ ئەو زانستە لە هەموو زانستەکانی دیکە دژوارتر (چەتنتر)ە. (ز 66؛ خ 54). ئەو بەشی دووهەمی سەرفەکەی بە بەیتێک یان دوبەیتییەک بە تورکی تەواو دەکا، ئەوەش ڕەنگە لە بەر کارلێکەری هێندێک کاری کێشدار لە سەر ڕێزمانی زمانی تورکی بووبێ، ئەو شێعرە باسی گرینگی و دژواری سەرف دەکا: سەرفن ئیعلالی چۆکدور بیر دەمیر دەن باش گەرەک ئۆکویان دەڕاک گەرەک، یا ئۆکوتان قارداش گەرەک (خ 54؛ ز 67) 16 سەرف ئاڵوگۆڕی زۆرە، حەوجێی بە سەرێکی ئاسنینە پێویستی بە خوێنەرەوەیەکی زیرەکە، یان حەوجێت بە برایەکە پێت وەخوێنێ.

ئەو قسەگێڕانەیەوە دەری دەخا تەرەماخی هەر نەبێ سەرەتاکانی زمانی تورکیشی زانیوە و، هەمان چاوەڕوانیشی لە خوێنەرەوانی هەبووە. شاعیری کورد ئەحمەدی خانیش هەبوونی زانینێکی وەها لە سەر زمانی تورکی لە خۆیەوە نیشان دەدا بە پێی ئەو شێوە ڕستە تورکیانەی کە لە کۆتایی بەندی 39ی مەم و زین ەکەیدا بەکاریان دەهێنێ: بیلمەز کی نە سوێلییە زەبانم (بەیتی 1577). بە هێنانەوەی ئەو جۆرە شێوە ڕستە تورکییانە، هەم خانی و هەم تەرەماخی وا وەبەرچاو دێ بیانەوێ بڵێن یان نیشان بدەن کە بەڵانی کەمەوە چڵ و نیوەچڵیش بێ سەر لە زمانی تورکی دەردەکەن و هێندێک ئاگادارییان هەیە سەبارەت بەو کارە زانستکارانەیانەدا کە بەو زمانە نووسراون.

بۆچوونی تەرەماخی یان ئیدیئۆلۆژی زمانی وی بەگشتی و، لە سەر زمانی کوردی بەتایبەتی، زۆر ڕوون و بەدەرەوە نییە، بەڵام لە کارەکەیدا نیشانەیەک کە گورج لە مێشک دەنیشێ ئەوەیە ئەو لە هیچ کوێیەک ناڵێ عەرەبی لە هەر ڕوویەکەوە دەبێ بڵابێ زمانێکی لەسەرتر یان بەخاوەترە وەکوو زمانی وەحی یان خوێندنی دینی، تەنانەت باسی ئەوەش ناکا کە زمانانی عەرەبی و فارسی نەرێتێکی بەرێزی ئەدەبییاتێکی بەرزتری نووسراویان هەیە. بە بیرو ڕای تەرەماخی، تەنیا جیاوازی بە کردەوە لە نێوان عەرەبی لە لایەکەوە و فارسی و کوردی لە لایەکی دیکەوە ئەو ڕاستییەیە کە زانستی سەرف لە بناوانەوە بە زمانی عەرەبی و بۆ زمانی عەرەبی دارێژراوە: "لە ڕیشە و دەستپێکی خۆیدا، زانستی سەرف بە عەرەبی بوو وم ئەو زاراوانەی پێویستن بۆ ئەو زانستانە زاراوەی عەرەبینە" (خ 29؛ زنار 14). ئەو زمانی کوردی و فارسی بە گشتی هەر بە پێی یەک

بابەتی ڕێزمانییەوە دەنرخێنێ (کە هەر دووکیان لەو ڕووەوە جیاوازی زۆریان لە گەڵ عەرەبی هەیە)، بەڵام بەشێوەی جیاواز وەڕوویان دەخا. ئەو نیزیکایەتییەک لە نێوان فارسی و کوردی دادەنێ و جیاوازییەکی زۆر زیاتری ڕێزمانی ئەوان لە گەڵ عەرەبی وەڕوو دەخا. ئاشکرایە، کە خەسڵەتی ئەو نیزیکایەتی و جیاوازییانە لە ڕووی ژێنێتیکییەوە باس ناکرێن، چونکە لەو سەروبەندیدا دەزگای لێتێگەیشتن لە زمانناسیی بەراوەردکارانە- مێژوویی نە لە ئوورووپا یان لە هیچ جێیەکی دیکەدا بەدەستەوە نەبوو و ئەو بۆچوونە لە سەدەی نۆزدەهەمدا پشکووت. ئەگەرچی سەرفا کورمانجی بە ئاشکرایی مەسەلەی جیهانی بوونی بابەتە ڕێزمانییەکان ناهێنێتە گۆڕێ، بەو شێوەیەی عەلیی تەرەماخی ئەو بابەتانەی گەڵاڵە کردوون ئەو پرسیارە دەهێنێتە گۆڕێ داخودا تا چ ڕادەیەک ئەو پەیڤانەی بۆ سەرفی عەرەبی پێشخران چۆن لە مەڕ زمانە کانیدا بەکار بهێندرێن وەکوو زمانی کوردی و فارسی، کە جیاوازییەکی بەرچاوی بناخەیی لە خۆیانەوە نیشان دەدەن لەگەڵ عەرەبی.

وا وەبەرچاو دێ تەسریف بە شێوەیەکی تەواو وەسفی و بە پێی زاراوەی زمانناسی باسی ئەو سێ زمانانە بکا. ئاشکرایە، بۆ تەرەماخی، زمانی عەرەبی، وەکوو زمانی وەحی، دەبێتە بابەتی یەکەمی شیکردنەوەی.هەر ئاواش، ئەو پەیڤە زانستییانەی دەکاریان دەکا زۆربەیان ڕیشەی عەرەبییان هەیە و، ئەو عەرەبی نەک هەر وەک بابەتی لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی، بەڵکوو وەکوو مۆدێلێک بۆ شیکردنەوەی فارسی و کوردی بەکار دەهێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا، جگە لەو لایەنە، سەرفا کوردی لە هیچ کوێدا بەهیچ جۆر نالێ عەرەبی سەرتر بێ، پرێستیژی زیاتر بێ یان پیرۆز بێ لە چاو کوردی یان فارسی؛ لەوەش دەرچێ، سەرەڕای ئەوەی کە وێدەچێ ئەو تەواو ئاگای لە پێوەندی نیزیکی نێوان کوردی و فارسیدا هەبێ، بەڵام لە هیچ جێیەک نیشان نادا کە ئەو کوردی تەنێ بە لەهجەیەکی فارسی بزانێ،هەر وەها ئەو کوردی وەکوو شێوەیەکی فارسی نابینێ کە بە تێکەڵاوی بەرچاو لەگەڵ عەرەبی و/یان زمانانی دیکە شێوابێ، بە پێچەوانەی ئەوەی بایەزیدی لە نووسینەکەیدا عادات و ڕسوومەتنامەدا 17 دەڵێ، تەرەماخی هەر سێک زمانەکان یەکسان چاو لێدەکا و وەک لوغەت، لیسان، یان زمان ئاماژە بە هەر سێکیان دەکا.

2. بەکارهێنانی کوردی وەکوو شێوەزمانی نارەسمی بۆ خوێندن لە مەدرەسە ئایینییەکان

گرینگی کولتووری تەسریفی تەرەماخی یەکجار زۆر لەوە زیاترە کە لە لێ ڕوانینی یەکەمدا هەر بە دەقێکی سەرەتایی دابندرێ بە قەوارە و نێوەرۆکێکی کەمەوە. ئەو شوێنەوارە وەکوو یەکەم پەخشانی ئامووزشتی کە بە کوردی نووسرابێ و وەکوو یەکەم حەولدان بۆ شیکردنەوەی ڕێزمانی کوردی دەسەلمێنێ و بەکارهێنانی کوردی لە شێوەزمانێکی نا ڕەسمییەوە بەرەو بوون بە زمانی خوێندن واتە پێواژۆی ڤێرناکیولاریزەیشن ی نیشان دەدا. ڤێرناکیولاریزەیشن واتە دیارکەوتنی بەکارهێنانێکی نوێی ئەدەبی زمانێک بە مەبەستی پەروەردە و ئەدەبییاتی بەرز؛ ئەو پێواژۆیە، ئەمن پێم خۆشە لێرەدا لێی زیاد بکەم، نیشانەی قۆناخی سەرەتاییە لە پەیدا بوونی ووشیاریی مۆدێرنی کوردی لە سەر بنەمای زمان. ئەگەر ئەو گریمانەیە دروست بێ،ڕەگ و ڕیشەی ناسیۆنالیزمی کورد نەک هەر دەگاتەوە زەمانی زۆر دوورتری کە هەتا ئێستا وا داندراوە، بەڵکوو دەشکرێ بگوترێ ڕەگ و ڕیشەی دەگاتەوە گۆڕانی ئاکاری زمانی ناوچەیی تا ئەوەی لە ژێر کارتێکەری ئیدیئۆلۆژیی هاوردەی نوێدا پەیدا بووبێ.

هەر وەک شێلدۆن پۆلاک دەڵێ، ڤێرناکیولاریزەشن دیاردەیەکی تاقانەی مۆدێرن یان ئورووپایی نییە 18. بۆ زۆربەی خوێنەرەوانی ئەم ووتارە، ڕەنگە نموونەی هەرە ئاشنای ڤێرناکیولاریزەیشن بێ گومان پەیدا بوونی

زمانە ڕۆمانسەکان بۆ وەکوو ئامرازی ئەدەبییاتی بەرز لە سەدەی 11/10ی زایینیدا؛ بەڵام پۆلاک دەڵێ، پێواژۆیەکی بە گشتی شیاوی بەراورد کردن هەر لەهەمان سەر و بەندان دا لە شێوە ویشکارۆ (شێوە قارە)ی هێندووستاندا ڕوویدا، کە لەوێ زمانە ناوچەییەکانی وەکوو کاننادا، تامیل و تێلوگۆ بە تەنیشت، یان لە جیات سانسکریت ی کلاسیکی کە زمانی خوێندن و ئەدەبییات بوو بەکار هێندران. کە وابێ، ڤێرناکیولاریزەیشن زۆر جار - بەڵام نەک هەمیشە - بریتی بووە لە جێگرتنەوەی ڕاستەوڕاستی زمانە دنیا گرەوە و ئەوپەڕ هەریمییەکانی وەکوو لاتین یان سانسکریت لە لایەن زمانێکی قسەپێکردنەوە. لە گەڵ ئەوەشدا، لە سەدەی هەژدەهەم، دەکرێ پلەیەکی نوێ لە ڤێرناکیولاریزەیشن ببیندرێ، نەک هەر لە ئیمپراتۆری عوسمانی دا، بەڵکوو تەقریبەن لە سەر هەموو گۆی زەوی.لە خاک و کەوشەنی عوسمانی دا، شێوەزارە نووسراوەکانی یۆنانی و تورکی سەرەیان هەڵێنا کە زۆر لەو زمانە ڕەسەنانەی کە خەڵک پێیان دەدوان نیزیکتر بوون،واتە لە یۆنانیی کۆینە کە کلیسای ئۆرتۆدۆکس بەکاری دەهێنا و لە تورکیی عوسمانی قورس و هەتا بڵێی پێچەڵپێچ کە لە چوارچێوەی بوروکڕاسی دەوڵەتیدا بەکار دەهات.

ڕەهەندێکی گرینگی ئەو پێواژۆی ڤێرناکیولاریزەیشنە کە پۆلاک لە کتێبەکەیدا زۆری لێوە نەدواوە بریتییە لە ئیدێئۆلۆژییە زمانییەکان، واتە تیۆری جەماوەری سەبارەت بە زمان و چۆنێتی کارکردی لە دنیای (کۆمەڵایەتی)دا. لەماوەی چەند دەساڵی ڕابردوودا، ئیدێئۆلۆژییە زمانییەکان لە زماننناسی مەردمناسانەدا بوون بە ئامرازی بەهێزی شیکردنەوە. ئەگەر چەند نموونەیەک باس بکەین: بۆ وێنە دەگوترێ جیاوازی نێوان ئەتۆ و ئێوە لە زمانی فەڕانسەییدا و جێگرتنەوەی شێوەی بە ئەدەبانەی (ئێوە) وەک جێناوی کەسی دوویەمی تاک لە ئاکامی ئیدێئۆلۆژیی ئاکاری بەئەدەبانەی زمانیدا هاتووەتە کایەوە.19 بۆ ئەم مەبەستەی ئێمە لێی دەکۆڵینەوە ئەو پرسیارە سەرەکییەی کە دەبێ وولام بدرێتەوە ئەوەیە پێواژۆی ڤێرناکیولاریزەیشن ی کوردی داخوادا هاورێ بوو لە گەڵ گۆڕانی گرینگ لە ئیدێئۆلۆژی زمانیدا یان نا و ئەوە بە چ شێوەیەک ڕوویدا، بە تایبەتی لەمەڕ خەسڵەت و پلەی زمانی کوردی. ئەو گۆڕانانەی بە کردەوە بە بەکارهێنانی کوردی بۆ بابەتی ئەدەبی نوێ هاتنە گۆڕێ و ئەو گۆڕانە بناخەییانەی لەو ڕەوتە تازەیە دا دەرکەوتن بەرەو ئاسایی کردن (و، ڕەنگە، یەکگرتن)ی زمان لە گەڵ چ جۆرە ئیدێئۆلۆژی زمان دەگونجان، بە تایبەتی لە مەڕ پێوەندیی زمانی کوردی بە عەرەبی و فارسی یەوە، واتە دوو زمانی بە پرێستیژی دنیاگرەوەی کە بۆ پەروەردەی دینی و ئەدەبییاتی بەرز بەکار دەهاتن لە نێوان دەستە موسوڵمانەکانی نێو ئیمپڕاتۆریدا؟ یەکێک لە قسە سەرەکییەکانی کە لە خوارەوە پارێزگاری لێدەکەم ئەوەیە کە ئیدێئۆلۆژژە تازە زمانییەکان کە زمانە قسەپێکردنە خۆجێییەکانیان بەرز کردەوە لە ئاست زمانە نووسراوە دنیاگرەوەکان بریتین لە یەکێک لە تازەکارییەکانی سەدەی هەژدەهەم و بەم پێیە یەک لە پێشمەرجە نێوەندییەکانی ناسیۆنالیزم ن لە سەر بنەمای زمان. لەگەڵ ئەوەشدا، لێرە،ئەمن هەر تەنێ دەتوانم بە گشتی لەو ئیدیعایە بدوێم بە باس کردنی کاری چەند نووسەری کورد کە بە شێوەزارێکی تاقانەی کوردییان نووسیوە، بە لە بەرچاو گرتنی ئەو پرسیارە گشتییانە،با ئێستا چاوێک بخشێنن بە پلەی پەروەردەی کوردی لە مەدرەسان [لەم نووسراوەیە دا خوێندنی مەدرەسە، لە هەموو شوێنێک مەبەست لە خوێندنی ئایینییە لە مزگەوتان. وەرگێڕ] لە کوردستان لە سەدەی حەڤدەهەم دا. ئەو دەمی عەرەبی و فارسی بە بەربڵاوی دەکار دەکران و حورمەتیان دەگیرا،یەکەمیان بۆ خوێندنی دینی و ئەوی دییان بۆ شێعر. ئاشکرایە زمانی عەرەبی یەک لە بابەتە سەرەکییەکانی بوو کە لە مەدرەساندا دەخوێندرا؛ لەگەڵ ئەوەشدا، فارسی سەرەڕای پرێستیژەکەی نەیدەتوانی شان لە شانی عەرەبی بدا و ئەو ڕەسمییەتەی نەبوو: ئەو جۆرەی خەلیل ئینالجیک

باس دەکا عولەمای عوسمانی خوێندنی فارسییان لە مەدرەساندا قەدەغە کرد بوو و تەنێ، تەکیە و کونجی سۆفیان بوون بە نێوەندی فێربوونی ئەو زمانە. 21 بە پێچەوانە، تورکیی نووسراو، وێدەچێ جگە لەوەی کە زمانی بوروکراسی دەوڵەت بووبێ بەڵکوو لە چەند بواری دیکەشدا لە ئوستانە کوردییەکانی ئیمپڕاتۆریدا برەوی هەبووبێ. (و، هەروەها، دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ، تەنانەت جێگرتنەوەی فارسی بە تورکی وەک زمانی دەرباری عوسمانی ئەو دەمی بەرێژە تازە دستی پێکرد بوو). تورکی لەوانەیە وەک زمانی نووسینی حکوومەت و، وەک زمانی قسە پێ کردنی هێندێک لە کۆنفێدراسیۆنە عەشیرەتییەکانی هەرێم گرینگ بووبێ، بەڵام وەکوو ئامرازی خوێندن و لە بواری ئەدەبیدا شانی لە شانی عەرەبی و فارسی نەدەدا. سەرنجڕاکێشە، چەندین سەرچاوە باس دەکەن زۆر باو بوو تەلەبە کوردەکانی مەدرەسە درێژە بە خوێندنی عەرەبی بدەن (بە گشتی لەو شوێنانەی لەبەر دەست سونییاندا بوون) لە شارانی وەک مووسڵ، بەغدا، بەسرە، دیمیشق و، هەڵبەت مەککە و مەدینە، تا ئەوەی کە بچنە ئەو شوێنانەی لە نێوەندە تورکی و تورک زمانەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی نیزیکتر بوون.

نووسەرە بەراییەکان ئاماژە بە خەسڵەتی جیاوازی خوێندن و پەروەردە لە هەرێمی کوردی دەکەن؛ وەک کاتیبی چەڵەبی کە لە کتێبەکەیدا؛ میزانولحوقووق دەڵێ زانستی مەنتیق لە هەموو جێیەکی ئیمپڕاتۆری دا لە کورتێی دابوو جگە لە کوردستان نەبێ 22. زۆر لە سەردەمێکی تازەتردا، خالید ئەلڕوعەیحەب نووسیویە کە زانستە عەقڵییەکان، لە هەموان گرنگتر مەنتیق، لە نێو ئیمپڕاتۆری عوسمانیدا زۆر بە سوێوە دەخوێندرا و، بە تایبەتی لە ئوستانە کورد نشینەکان دا و، لەواندا زۆر زیاتر لەوە درێژەی کێشاوە کە هەتا ئێستا پێی زاندراوە. ئەو، لە ئاست ئەو بۆچوونە بەربڵاوانەی کە پێیان وایە لە سەدەی حەڤدەهەمدا دەمارگرژی و فاناتیزمی دینی بە سەر پەروەردەی فەلسەفیدا زاڵ بووە، بەڵگەی جێی باوەڕ و پتەو بەدەستەوە دەدا کە دەیسەلمێنێ لە ڕاستیدا خوێندنی زانستە مەعقوولەکان لە ماوەی سەدەی حەڤدەهەمدا زیادی کردووە23 ئەو هەر وەها ئاماژە دەکا بە ژمارەیەکی گرینگ لە زانای کورد کە لەو سەروبەندەدا لە سەر مەنتیق کاریان کردوە، هەم لە ناوچە کورد نشینەکان و هەم لە شوێنەکانی دیکەی ئیمپراتۆری و، پێی وایە ئەو باڵادەستییەی کوردان لە بەر هاتنی زانای کوردی سوننی بووە بۆ نێو خاکی عوسمانی کە وەک پەنابەر خۆیان لە دەست سەفەوییەکانی ئێران ڕزگار دەکرد کە حەولی دەدا بە زۆری سوننییەکان لە مەزەبی خۆیان وەرگەڕێنێ (ff2008:210).

جگە لەو گوڵکردنی بە ڕواڵەتی پەروەردە لە سەدەی حەڤدەهەمی کوردستاندا، بەڵگەی دیکە سەبارەت بە پێشوەچوونێکی دیکەی سەرەتای خوێندنی مۆدێرن و کولتوری مەدرەسەی کوردی بە دەستەوەیە، کە نە ئینالجیک و نە ئەلڕوعەیحەب باسیان لێوە نەکردووە،کە لەوانەیە بە هەمان گرینگی ئەو سەرچاوانە بێ کە ئەوان باسیان دەکەن ئەگەر لەوان گرینگتر نەبێ: ئەویش بریتییە لە گۆڕانێکی بەربڵاوتر بەرەو بەکارهێنانی کوردی وەکوو ئامرازێک هەم بۆ خوێندنی زارەکی و هەم بە نووسراوی مەدرەسەکان. ئەوەندە بەڵگە کەمەی کە بەدەستەوەیە دەیسەلمێنێ هەتا کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم، زمانی کوردی دەکار دەکرا، زیاتر بۆ شەرحی زارەکی ئەو دەقانەی بە زمانی عەرەبی نووسرا بوون. حەسەنپوور (1992:73) دەڵێ کوردی هەمیشە لە ڕووی زارەکییەوە بە کار دەهات بۆ شەرحی دەقی ئەو کتێبانەی بە زمانی عەرەبی بوون و، داهێنانی کتێبی دەقی کوردی بە "وەڵامێک بۆ بەجێهێنانی پێداویستییەکی ڕاستەقینە" هەڵدەسەنگێنێ؛ بەڵام بە ووردی ڕوون نییە ئەو قسە "بەرواڵەت بەجێ یە" پشت بە چ سەرچاوەیەک دەبەستێ. لە ڕاستیدا، بەڵگەی ئەتۆ بەدەستەوەیە، کە بە لانی کەمەوە لە زۆربەی مەدرەسە گرینگترەکانی شارەکان و مەدرەسەکانی سەر بە دەربار، عەرەبی و

فارسی  زمانانی سەرەکی بوون بۆ خوێندن ( و، ڕەنگە زمانی سەرەکی دەرس دادانیش بووبن) لە سەروبەندی کۆنترەوە. بۆ وێنە، ئەولیای چاڵەبی لە شوێنێکی دیکەی سەفەرنامەکەیدا بۆ ئوستانە کوردنشینەکان لە سەدەی حەڤدەهەمدا ئاماژە دەکا بە ئەوەی کە عولەمای ناوچەیی بە کوردی شێعر دەنووسن، بەڵام لە هیچ کوێی نووسینەکەیدا ئەو نە باسی کاری پەخشانی کوردی دەکا و نە لەسەر ڕۆیشتنی زیاتر سەبارەت بە بەکارهێنانی کوردی بۆ کاری ئەدەبی  لەو شوێنانەی ئەو سەری لێداون." 24 لە جیاتیان، لە باسکردنی شاری بیتلیسدا، کە ئەو دەمی میرێکی ناوچەیی کورد، بە نێوی عەبداڵ خان فەرمانڕەوایی بەسەردا کردووە، چەڵەبی مەهارەت و لێزانی کەسانیی سەردەستی ناوچەیی لە زمانی عەرەبی و فارسی دادەگرێتەوە و لە سەر عەبداڵ خانی فەرمانڕەوا دەنووسێ:

"وەکوو شاعیرێک بۆ زەمانی خۆی بێ وێنەیە و رقە بەری لە گەڵ عەزمیزادەی حاڵەتی و جامی و حافیز و سائیب دەکا لە نووسینی قەسیدە و چوارینەدا... ئەگەر ئەو کتێبێکی عەرەبی بە دەستەوە بگرێ، ڕاستەو ڕاست دەتوانێ وەریگێڕێتە سەر فارسی و بێ هەڵە و بە جوانی بیخوێنێتەوە؛ و ئەو هەر وەها دەتوانێ بە عەرەبی یان فارسییەکی رەوان مێژووە تورکییەکان بگێڕێتەوە" ( a 228 14-18 )؛ وەرگێرانی ئینگلیسی دانکۆف (1990:97).

بەڵام چەڵەبی تەنێ هەر لە سەر توانایی و بەهرەی میر بۆ زانینی فارسی و عەرەبی پێ داناگرێ بەڵکوو لەمەڕ مەدرەسە ناوچەیەکانیش، چاودێرییەکانی خۆی ئاوا دەگێڕێتەوە:

"شاگرد مەدرەسەکان [ لە بیتلیس] ژیر و ووشیارن، نەجیوزادەن و لەچاو تەمەنیان چاک پێ گەیشتوون، بە لە بەر کردنی دیوانی حافز و گوڵستان و بۆستانی (سەعدی) و دیوانی فوزوولی و سائیب؛ دیارە هەڵبەت ئەوان بە پێشکەوتوویی منداڵان نین لە ووڵاتانی عەرەبی لە بابەتی وەکوو ئەدەبی عەرەبیدا (کیتابی عەرەبییات دە)و لە بەر کردنی قورئاندا". (a2353-16 وەرگێرانی ئینگلیسی دانکۆف (1990:153).

وا وێدەچێ ئەولیای چەڵەبی بیبیەوێ بڵێ کە، تەنانەت بۆ ئەو شاگردانەی لە قۆناخەکانی هەرە سەرەتای خوێندنی دیننیەوە دەستیان پێکردووە، لە مەدرەسەکانی بیتلیسدا خوێندنی عەرەبی و فارسی هەم وەک بابەتی خوێندن و هەم وەک زمانی خوێندن دەکار کراون. کوردی لەوانە و لەوانەش نییە کە وەک زمانی شەرح کردن و لێکدانەوەی دەقە نووسراوەکان بەکار هاتبێ؛ بەڵام هیچ بەڵگەیەکی کۆنکرێت بەدەستەوە نییە بیسەلمێنێ لەو سەردەمە لە ڕاستییدا چ وەک زمانی زارەکی یان لە شێوەی نووسراودا بەکار هاتبێ. هەر ئاواش، کارە مێژووییە هەرە بەراییەکانی کە لە سەر کوردان نووسراون، وەکوو شەرەفنامەی شەرەف خان و هەشت بەهەشت ی ئیدریسی چەڵەبی، بە زمانی فارسی نووسراون و نەک بە زمانی کوردی. ئەگەرچی دەقی کورمانجی بە شێوازی هۆنراوە و بە نێوەرۆکی دینییەوە لە سەدە بەراییەکاندا نووسرا بوون لە لایەن نووسەرانی وەک عەلیی حەریری، فەقێیێ تەیران و مەلایێ جزیری و   - زۆر پێوەندیدارتر بە باسەکەوە - مەولوودا کورمانجی مەلای باتەیی، کە دەگاتەوە سەدەی پازدەهەم، بەڵام هیچ نیشانەیەک بەدەستەوە نییە نیشان بدا کە ئەو کارانە بەتایبەتی ڕوویان لە تەلەبەی مەدرەسەکان بووبێ. 25 دەقی مەولوودنامەی شێعری و، تا ڕادەیەکی کەمتر "عەقیدەکان" یان "دەربڕینە باوەڕییەکان" بە زۆر لە زمانە ڕەسەنە خۆجێییەکان هەبوون، بە ڕێژە لە زەمانی پێشووتردا،وەکوو، ئی هەرە بەنێوبانگیان مەولوود [نامە]ی سولەیمانی چەڵەبی کە لە سەدەی چاردەهەمدا بە زمانی تورکی نووسراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، وێناچێ، ئەو دەقانە بە تایبەتی تەرخان کرا بن بۆ بەردەنگی خوێندەوار لە مەدرەسەکاندا. بە لە بەرچاوگرتنی ئەو بەرتەنگییانەی وا عولەما لە مەدرەسەکاندا بۆ زمانی

فارسییان دانابوو که له سەرەوەدا ئاماژەی پێ کرا، له ڕاستییدا زۆر وێدەچێ که کاره فارسی و تورکییەکان له تەکیه و کونجی سۆفیاندا خوێندرابن و هەر وەها له مەدرەسان؛ ئەوە ئەو کارانەش که به زمانی کوردی بوون وەبەر دەگرێ که هەم ئاموزشتی بوون و هەم خەسڵەتی شێعرییان هەبووە، وەکوو مەلوودی باتەیی و دیوانی جزیری. به کورتی، ئەو بەڵگانەی بەدەستەوەن دەیسەلمێنن فارسی زمانی زاڵ بووە بۆ کارکردی ئەدەبی ناوچەیی و، عەرەبیش زمانی زاڵ بووە بۆ خوێندن و پەروەردەی دینی.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەرەو کۆتایی سەدەی حەڤدەهەم دەبوو ئەو بار و دۆخه بگۆڕدرێ؛ بەڵام وا وێدەچێ ئەو گۆڕانه به دەرەجەی یەکەم له مەدرەسەکانی ناوچەکانی دەرەوەی شاران ڕووی دابێ تا له نێوەنده گەورەتره شارییەکان. مەدەرەسەکانی شار زۆر له نیزیکەوە به کاربەدەستانی ئیدارەی عوسمانی بەسترابوونەوە و، ئەو مەدرەسانەی له فەرمانڕەوایانی خۆجێیی نیزیک بوون ئەوان پشتیوانیان لێ دەکردن، له ناوچەکانی دەرەوەی شاران مەدرەسەی جۆر بەجۆر و له هەرێمی کوردستان حوجرەی پچووکتر هەبوون، که بەشێک بوون له مزگەوتی گوندەکان، که لەو حوجرانەدا تەلەبه به دەرجەی یەکەم بۆ ئەوەیان دەخوێند ببنه مەلای دێیەکان. بەپێی نووسینی ڤان براونێسن ( 1998:24)، ئەو مەدرەسانەی دەرەوەی شاران دەورێکی سەرەکییان گێڕا له پەیدا بوونی ووشیاریی نەتەوەیی کورددا. ڤان براونێسن دەڵێ لەبەر ئەوەی شاگردی ئەو مەدرەسانه پێشینەی جۆر بەجۆری بنەماڵەییان هەبوو، ڕەوتێکی ئاوایان ده نێودا بەدی دەکرا که جیاوازه شیاوەکانی هەرێمی، کۆمەڵایەتی و پێشینەی عەشیرەتی خۆیان زەق نەکەنەوە و دەورێکی کاریگەریان هەبوو بۆ پێک هێنانی زمانێکی هاوبەشی کوردی، خانی، تەرەماخی و، خاڵقاتینی گشتیان وا وەبەرچاو دێ که هەم خۆیان ڕیشەیان لەو جۆره مەدرەسه چکۆڵانەی لادێ ئاوی خواردبێتەوە و هەمیش یارمەتی گرینگیان کرد بێ به برەو پێدانی ئەوان. جا چ به ساز کردنی مەدرەسه له گوندەکانی بوومی خۆیان یان به ڕێگای نووسینی کاری ئاوای که به بەربڵاوی له مەدرەسەی گوندەکاندا کەلکیان لێ وەرگێرا.

جا، ئەوە لەو سەروبەندەدا بوو که دەقی هەره کۆن به زمانی کوردی که بەتایبەتی به مەبەستی بەکار هێنانی له لایەن تەلەبەی مەدرەسەکان گەڵاڵه کرا بوو نووسرا: قامووسی به قافییەی عەرەبی - کوردی ئەحمەدی خانی، نووبهارا پچووکان. ماوەیەکی کورت دوای ئەوە و بۆ قۆناخی سەرەتایی پەروەردەی مەدرەسه، خانی عەقیدەیا ئیمانێ ی نووسی، دەقێکی بەقافیەی عەقیدە که تەنێ هەر بریتی نەبوو له دەربڕینێکی شەخسی له مەڕ باوەڕی بەڵکوو دەقێکی هاسان بوو بۆ دەرسدادانی خەڵک سەبارەت به نەریتی دینی. وەکوو نووبەهار، ئەو دەقەش به قافییەیه بۆ ئەوەی لەبەر کردنی هاسان بێ؛ بەشێکی بەرچاو لەو کاره، هەر نەبێ ئەو بەیتانەی دەنگیان وەیەک دەچێ، له کارەکەی دواتری شێعری مەسنەوی خانی، واته له مەم و زین یشدا دەردەکەوێ (بەتایبەتی له بەندەکانی 2 تا 4دا).26 ئەو کاره پێشەکییانه دەقێکی بەرێژه کورتی بەقافییەیان به دوا داهات ، بەناوی نهج الانعام به قەڵەمی مەلا خەلیلی سێرتی ( 1843- 1754)، که ئەویش سەبارەت به سەرەتاکانی ئیمان (عەقیدە) ە. 27 به ڕواڵەت، هیچ نووسینێکی دیکەی سێرتی نەگەیشتووەته دەست ئێمە؛ بەڵام به پێی نووسینی زنار ( 1993:79)، سێرتی به گشتی 25 کتێبی نووسیوە، که 8ی ئەوان به کوردی بوون، زۆر به تایبەتی تر زنار دەڵێ سێرتی نووسەری کارێک بووە به زمانی عەرەبی سەبارەت به مەنتیق، به ناوی عیساقووژی؛ دروستتر ئەوەیه بڵێین ئەوە لێکدانەوەیەکی کورته سەبارەت به کارێکی ئەلئەنباری هەر به هەمان نێو که له ئیمپراتۆری عوسمانیدا به بەربڵاوی به کار دەهات.28

جگە لەو کتێبی خوێندنە بەقافییانە، چەندین کاری کورتی پەخشانیش لە مەڕ ڕێزمانی عەرەبی - و تا ڕادەیەکی کەمتریش کوردی، بە تایبەتی بۆ بەکارهێنان و کەلک لێوەرگرتن لە مەدرەسە کوردییەکاندا نووسران لە نێو ئەوانەدا ئی هەرە گرینگیان، جگە لە تەسریفی تەرەماخی، دوو دەقی کورتن، بە نێوی، ظروف و ترکیب نووسینی مەلا یوونسی خالقەتینی (لە ساڵی1791 کۆچی دوایی کردووە)، کە هەر دووی ئەوانە لەمەڕ نەحو (سینتاکس)ی عەرەبی ن و ئەوانە بە کارێکی تاقانە دادەندرێن. کارەکەی خالقەتینی، ئەگەرچی بە شێوەی دەستنووس لە دوو کتێبخانەی ئورووپادا پارێزراوە (ڕۆدێنکۆ 1961: 102- 103؛ فوئاد 115 - 114: 1970)، بەڵام هەتا ئێستا نە چاپ و بڵاو کراوەتەوە و نە لێی کۆڵدراوەتەوە؛ بە ڕواڵەت، بە پێچەوانەی تەسریفی تەرەماخی، ترکیب و ظروف تەنێ هەر لە سەر ڕێزمانی عەرەبی یە. 29 زۆربەی کارە هەموولایەنەکان هەم لە سەر زمانی عەرەبی و هەم سەبارەت بە پەروەردی دینی بە گشتی بە زمانی عەرەبی بوون.

هێندێک بەڵگە هەن دەیسەلمێنن کە نووسەرانی ناوچەیی ئەو گۆڕانەیان واتە زمانی کوردی بەکارهێنان بۆ نووسینی بابەتی زانستی (جوێ لە بابەتی شێعری) بە بەرەوپێشوەچوونێکی گرینگ داناوە. بۆ وێنە مەلا مەحموودی بایەزیدی. کە لە نێوەڕاست سەدەی نۆزدەهەمدا نووسیویە، بەروونی نووسرانی دەقە کتێبییەکانی کوردی سەبارەت بە ڕێزمان بە تازەکاری دادەنێ و مێژوویەکەی دەباتەوە دەور و بەری ساڵی 1000ی کۆچی/ 1591ی زایینی: ئەو دەنووسێ: "تا ساڵی 1000ی کۆچی [ واتە 1591ی زایینی ] شاگرد و مامۆستایانی کورد بابەتی سەرف لە ڕووی کتێبی دەقی عەرەبییەوە فێر دەبوون وەکوو کتێبی سەعدودین، بە نێوی سەعدینی و، لە ڕووی چارپەردە و سەعدوڵا گەورە"، ئەرکێک کە ئەو "زۆر بە دژوار" ی دەزانێ بۆ شاگردان. چا تەرەماخی بە تێگەیشتنی ئەوە عیبارەت یان تەسریفێکی بە زمانی کوردەکان نووسی کە: "گرینگ و پیویست "(ئەهم و لازم) بوو وەکوو سەرەتایەک بۆ فێربووبی زمانی عەرەبی و زانستەکانی دیکە (ژابا 1860: 12 - 13؛ خ Z10؛ 26).

ئەگەرچی (هەر وەک لە پاڕاگرافی 1 لە سەرەوەدا دەبیندرێ) بەڵگە بەدەستەوەیە بۆ گومان کردن لە هێندێک لەو مێژووە تایبەتیانەی وا بایەزیدی بەدەستەوەیان دەدا، بەڵام نووسەرانی دیکەی هەمان سەروبەندیش کە باسی لێوە دەکرێ شاهیدی دەدەن سەبارەت بە بەکارهاتنی زمانی کوردی بۆ نووسین بە مەبەستی پەروەردە و خوێندن. لە ڕاستیدا، نووسەرانی کورد بەجوانی لەوە ئاگادارن کە بەکارهێنانی زمانی دایکی لە لایەن ئەوانەوە بە مەبەستی دەربڕینی ئەدەبییاتی بەرز شتێکی تازەیە. جا بۆیە، ئی لە هەموان بە نێوبانگتریان، ئەحمەدی خانی، لە بەندی 6ی مەم و زین کەیدا دەنووسێ کە ئەو شێعری بە نێوەرۆکی خۆی بە کوردی نووسیوە بۆ ئەوەی کۆمەڵانی نەخوێندەواریش (ژ بۆیێ عامە) لێی تێبگەن و، بە ڕاشکاوی بەکارهێنانی زمانەکەی خۆی لە بواری ئەدەبیدا بە تازەگەریی یان بیدعەت نێو زەد دەکا (بەیتی 237 -239). هەر ئاواش، تەرەماخی سەرفە کوردییەکەی خۆی بە تازەکارییەک دادەنێ، کە ئەو پێی وایە پێداویستییەکی دەستبەجێی پێ هەیە: ئەو بە ڕوونی دەڵێ، ئەگەرچی فێر بوونی ڕێزمان ڕیشەی لە زمانی عەرەبی ئاو دەخواتەوە و ئەو بە دەرەجەی یەکەم عەرەبی بەلاوە گرینگە، بەڵام پێداویستییەکی دەستبەجێی دیکەش لە گۆڕێ دایە کە ئەو ڕێزمانە بە کوردیش گەڵاڵە بکرێ:

"تو بزانن! ئەی موفرەدێ موزەکەرێ موخاتەب کو ژ بۆیی تایفا ئەکرادان را ژی لازم ە کو ب زمانێ کورمانجی ئەو ژی عیلمێ سەرفێ بزانن. لەوڕا بینا و ئەساسا حەموو عیلمان ل سەر عیلمێ سەرفێ یە... ئەڤ عیلمێ

سەرفێ ل حەموو کافییێد لیسانان‌دا هەیە و ئیجرا دبە. ئەمما ئێ کو نها ژ بۆ مە لازم ە زمانێ کورمانجی یە" (خەزنەدار 28؛ زنار 14) ئەوە واتە، ئەو نەک هەر دەیەوێ کە "گەلی کورد"(تایێفا ئەکرادان) خوێندەواری فێر بێ؛ بەڵکوو پێکێشیش دەکا کە زمانی کوردی و نەک عەرەبی دەبێ ئەو زمانەی بێ کە زانستی پێ گەلاڵە دەکرێ. ئەگەرچی وێناچێ تەرەماخی، لە خانی تێپەڕاندبێ و زاراوەی تاییفە بەکار دێنێ بۆ ئاماژە بە چەمکی مۆدێڕنی نەتەوە یان دەستەی ئێتنیکی کە خزمایەتییەکی دووریان لەگەڵ ئەو چەمکە واتە تاییفە هەیە، بەڵام ئەو دەربڕینە چاوڕاکێشە، بەوەدا کە سەرفا کورمانجی، هەر ئەو جۆرەی لە دیباچەی مەم و زین‌دا هاتووە هەم بانگەوازی ڤێرناکیولاریزەیشنی زمانی کورد دەکا و هەم ئەوە دەخاتە قالبێکەوە. هەر دووکی ئەو دەقانە پێدادەگرن لە سەر گرینگی بوونی ئەدەبییات و کولتووری بەرز و گەلاڵە کرانی بە زمانی کوردی و، لە هەمان کات‌دا، ئەو دەقانە یەکەم کردەوەن لە کولتوورێکی خوێندەواریی ڤێرناکیولاردا. یەکێک لە لایەنە گرینگەکانی ئەو ڤێرناکیولاریزەیشەن ە ڕەهەندی گرینگی پێوانەیی بوونێتی بە کارکردی سەرف خۆی. تەرەماخی دەڵێ گەلی (تاییفە) کورد دەبێ زانستی سەرف بزانێ" چونکە زانستی سەرف بەردی بناغەی هەموو زانستەکانە (بیناء و ئەساسا حەموو عیلمان)" خ 29؛ زنار 13).

ئەو درێژەی پێدەدا و دەڵێ، سەرف تەرازووی (مێزین) کێشان و داوەری کردنە سەبارەت بە، زانستەکانی دیکە، کە دەکرێ یارمەتیمان بدا بۆ دڵنیایی لەوەی دەربڕینەکانیان دروستن یان نا؛ تەرەماخی تەنانەت سەرف بۆ ئەو مەبەستە بە پێویستییەکی خۆ لێ نەبوێر دادەنێ: " بە بێ ئەو زانستە، هیچ قسەیەک (کەلام) بە دروستی دەرنابڕدرێ" (هەر سەرچاوەی پێشوو). هەر ئاواش، بایەزیدی دەڵێ: زانستی سەرف هەڵسەنگێنەر (مێزین) ە؛ بە دڵنیاییەوە هەموو شتێک پێویستییان بەوە هەیە هەڵسەنگێندرێن بۆ ئەوەی ئەوەی دروستە و ئەوەی نادروستە بکرێ دەرکەوێ (کفێش ببە) " (خ 27؛ز 10؛ بڕوانە ژابا 1860:12)/ کەوابوو، بە ڕوونی سەرف بە زانستێکی پێوانەیی داندراوە کە، کە بە تەنیشت مەنتیقەوە، دەتوانێ یارمەتیمان بکا بۆ ئەوەی بەکارهاتنی دروست و نادروستی زمان لێک بکەینەوە. واتە، زۆر بەتایبەتی تر، سەرف لە دروستیی ڕێزمانی، قسەدەربڕین وورد دەبێتەوە، جا لەبەر ئەوە دەکرێ ببێ بە ئامرازێکی پێوانەیی بۆ هەڵسەنگاندنی زمانی کوردی ئەو دەقانەی لە بەستێنی خوێندەواری‌دا بەکاردەهێندرێن وەک مەدرەسەکان، بە گوتنێکی دی، خوێندنی سەرفی کوردی دەکرێ بگوترێ یارمەتی کرد بێ بە دروست بوونی هەستێک بۆ ستانداردی نموونەیی و بەکار هێنانی ئاسایی کراوی کوردی کە ئەو دەیەوێ شی کاتەوە.

کە وابوو؛ سەرفی تەرەماخی ئاماژەیە بە بەرەوپێشچوونێکی بەربڵاوتری ڤێرناکیولاریزەشن: بە ڕواڵەت، لە ماوەی سەدەی هەژدەهەم‌دا، کوردی بوو بە هەم زمانی نووسین و هەم زمانی دەرس دادانی زارەکی، بەلانی کەمەوە لە قۆناخە بەراییەکانی پەروەردە، لە نێو مەدرەسەکانی باکووری کوردستان‌دا. هەر ئەو ڕاستییەی کە سەرەف ڕێزمانی تایبەتی خۆی لە ڕووی پێوانەییەوە بە دروست دەزانێ لەوانەیە هەستێک سەبارەت بە ستانداردێکی زمانی بۆ زمانی کوردی بجووڵێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا، گرینگە بزاندرێ، کە نە تەرماخی و نە خانی هێچکامیان زمانی کوردی وەک "زمانی نەتەوەیی" دانانێن بە مانای ناسیۆنالیزمی ڕۆمانتیکی ئەو ووشەیە؛ بەڵکوو، لەجیاتیان، ئەوان بە زمانی خەڵکی هەڕەمەی نەخوێندەواری دەزانن کە هیچ نەریتێکی خوێندەواری لە مەڕ خۆی نییە.

3. بابەتی خوێندنی مەدرەسەی کوردی لە سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەم

ئەوە دەمانگەیێنێتە مەسەلەی کارلێکەری سەرفا کورمانجی. هەم مەلا مەحموودی بایەزیدی و هەم زەینەلعابدین

زنار دەڵێن ئەو کارە لە نێو یەکەم ئەو دەقانەی‌دا بووە کە دەبوو شاگردانی مەدرەسە بیخوێنن و، لە ڕاستیدا، لە بەری کەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ناکرێ چ تەخمێنێکی جێی باوەر بە دەستەوە بدرێ سەبارەت بە ئەوەی سەرفی تەرەماخی (یان کاری خانی ش) چەندە لە مەدرەسە کوردییەکان‌دا بەکارهاتوون و، داخودا جیاوازییەکی گرینگ هەبووە لە نێوان مەدرەسەکانی شاران و ئی دەرەوەی شاران‌دا لەو ڕووەوە؛ بەڵام نیشانەی ئەوتۆ بەدەستەوەیە بیسەلمێنێ کە ئەو دەقە زۆر بە برەو بووە، ڕەنگە ئێستاش وا بێ. لێکۆڵینەوەی وەک ئی زنار دەڵێن کە کارەکانی وەک ئی ئەحمەدی خانی و تەرەماخی وێدەچێ شوێنی بەرزی خۆیان لەو دەمییەوە لە بابەتەکانی خوێندنی مەدرەسە کوردییەکان‌دا پاراستبێ.ئەمن ئەو قسەیەم لە خەڵکی دیکەش بیستووە کە پێشتر لە مەدرەسە ئایینیەکاندا خوێندوویانە، کە سەربەخۆ و بە پێداگرییەوە بۆیان باس کردووم تەسریف، بە تەنیشت کارەکانی دیکەوە بە زمانی کوردی سەبارەت بە ڕێزمانی عەرەبی وەکوو تەرکیب و زورووف ی خاڵقەتینی بە شیوەی دەستنووس دەستاو دەستیان پێ کراوە (و ڕەنگە لەو ساڵانەی دواییش‌دا بە شێوەی پۆلی کۆپی کراویش)لە مەدرەسە کوردییەکانی باکوور و، بەوشێوەیە نەک هەر یەکەم ئامرازی ناسیاوی پەیدا کردن لە گەڵ ڕێزمانی عەرەبییان لە بەر دەست شاگردان ناوە بەڵکوو جۆرە پێوانەیەکیشیان بۆ شێوەی کەمتا زۆر ستاندارد کراوی نووسینی کورمانجی هێناوەتە گۆڕێ. لەگەڵ ئەوەشدا، وێدەچێ، ئەو پێشوەچوونە، تەنێ لە باکووری کوردستان ڕووی دابێ. 30 زانیاریدەرانی ناوچەیی پێیان گوتم ئیدی زیاتر بەرەوە باشوور، پەروەردەی مەدرەسە یان حوجرە هەمیشە بە بەردەوامی بە عەرەبی بووە وەکوو یەک لە زمانە یەکەمەکانی دەرسدادان.ڕەنگە ئەوەش سەیر نەبێ، کە زۆر لە نووسەرانی بابەتەکانی خوێندنی مەدرەسە کوردییەکان سەر بە ڕاڕەوی شافیعی بوون،یان هەر نەبێ وا دەزاندرا کە سەر بەو ڕاڕەوە بووبن. 31 لێرەدا، ئەمن بە کورتی چاوێک لە دەقە سەرەکییەکانی بابەتی خوێندن دەکەم، بە تایبەتی ئەو کارانەی بە کوردی نووسراون یان لەمەڕ زمانی کوردین. ئەو بەشە لە بابەتی خوێندن کە سەبارەت بە فیقهو شەرعە لێرەدا جێی باسی ئێمە نین، چونکە ئەگەر هەمووی دەقەکانی خوێندنیش نەبێ زۆربەیان بە زمانی عەرەبی نووسرا بوون. 32 وا وەبەرچاو دێ کارەکەی تەرەماخی شوێنێکی تایبەتی هەبووبێ لە نێو ئەو بابەتانەی خوێندن‌دا و بەهەموو ڕواڵەتێک هەتا ئێستاش درێژەی داوە بە گێڕانی ئەو ئەرکە.

پەروەردەی مەدرەسە کوردی، وەکوو پەروەردەی مەدرەسە ئایینییەکان بە گشتی بە قانوونی تەوحیدی تەدریسات کە لە مانگی مارسی 1924 بۆ یەکگرتوو کردنی پەروەردە ڕاگەیێندرا گورزێکی سەخت، بەڵام نەیەکجاری وێ کەوت. ئەو قانوونە نەک هەر بە مانای نامەزەبی کردنی سیستمی خوێندن بوو، بەڵکوو بە مانای داخستنی هەموو مەدرەسەکانیش بوو؛ ئەو قانوونە قەدەغە کرانی تەواوی زمانی کوردیشی ڕەخساند. لە ئاکامی ئەوەدا، زۆر لە مەدرەسەکان (و هەر وەها کتێبخانەکانیان)،لە نێوبردران.؛ لە هەرێمی کوردی، هەر وەک جێگەی دیکە، زۆر لە مەدرەسەکان بە نهێنی درێژەیان‌دا بە دەرس دادان بە پێی هێندێک لە نووسەران تا ساڵی 1960کان، بەڵام زانیاریدەری دیکە دەڵێن ئەو جۆرە پەروەردەیە هەتا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە، تەنانەت ئەگەر لە ئاستێکی بەرتەنگیش‌دا بێ. ڕاستی ئەو قسەی دوایی هەرچییەکی بێ، چالاکی نهێنی مەدرەسان خوێندنی ڤێرناکیولاری کوردی دەستەبەر کرد و، بەڕێگای ئەودا ووشیارییەک سەبارەت بە شێوەزاری نووسراوی ڕۆنیشتوو یان ستانداردکراوی زمانەکەش پەیدا بوو.بەردەوامی چالاکییەکانی مەدرەسە کوردییەکان لە دوو کتێبی تازەدا دەسەلمێ و دەردەکەوێ، کتێبەکەی زەینەلعابدین زنار ئی ساڵی 1993 "خوێندنا مەدرەسێ" و کتێبی سەدرەدین ئۆیزتۆپراک "شارک مەدرەسەلەریندە بیر ئۆیمیور" (عومرێک لە مەدرەسەکانی ڕۆژهەڵاتدا) کە لە ساڵی

2003دا بڵاو بووەوە. 33 هەر دوو نووسەر کە یەکەمیان لەساڵی 1953و ئەوی دووەمیان لە ساڵی 1919/1920 لە دایک بووە باسی تەجروبەی خۆیان دەکەن لە مەدرەسە ناوچەییەکاندا دوای جێ بە جێ کرانی قانوونی 1924. ئەوان لە کتێبەکانیاندا زانیاری گرینگ باس دەکەن سەبارەت بە بابەتی خوێندنی مەدرەسان لەو سەروبەندیدا؛ ئەوەش وێدەچێ درێژەدانێکی گرینگ بسەلمێنی سەبارەت بە بابەتی تازەی خوێندن کە مەلا مەحموودی بایەزیدی باسی کردوون. لەوەش زیاتر، لە بەر ئەوەی بایەزیدی، زنار و ئوێزتۆپراک خەڵکی شوێنی جیاوازی باکووری کوردستانن (بەڕیز، دۆغوبایەزیت، باتمان و ماردین)، چاودێرییەکانی ئەوان نەک هەر سەروبەندێکی 150 ساڵە وەبەر دەگرێ، بەڵکوو لە ڕووی جوگرافیاییشەوە بەشێکی هەروا لە باکووری کوردستان دەگرێتەوە.

سەرچاوی هەرە کۆن،جارێکی دیکەش بڵێین، بایەزیدییە. دەقە کورتەکەی وی لیستێکی تەواو لەو دەقانەی لە مەدرەسەکانی کوردیدا بەکارهاتوون بەدەستەوە نادا، بەڵام ئەو لیستێکی بە ووردە ڕیشاڵی ئەو کارانەی لە مەڕ زمان باس دەکا کە دەبوو تەلەبەی مەدرەسە کوردییەکان بیانخوێنن، لێرەدا دەشێ هەمووی بگێڕینەوە:

" لە پێشدا، قوتابیانی کورد فێری خوێندنەوە و خوێندنی قورئان دەکران؛ دوای ئەوە مەولوودا کورمانجی یان دەخوێنند و، پاشان نووبهار و پەندی عەتتاری [ بە پێی قسەی خەزنەدار n27، ئەوە بەشێک بووە لە دیوانی فەریدەدینی عەتتار]، دوایە سەبارەت بە شەریعەت، ئەوان ئیعجاز [ی ئیمام محەممەد]، موحەڕیر [ی ئەلنەواوی] و ئەنوار [ی یوسف ئەردەبیلی] یان دەخووێند بە دوای ئەوەدا دەقی کتێبەکانی مەلا یونسی خەلقەتینی تەسریف، زرووف و تەرکیب یان دەخوێند، کە ئەوانە هەر سێکیان بە زمانی کوردین. 34 دوای ئەوە لەمەڕ سەرف، قوتابیان سەعدوڵا کوچوک ی سەعدینی یان دەخوێند بە تەنیشت حیسام قەتعی [واتە، کتێبی شرحولعیساکوژی حوسامەدین حسن ئەلقەتعی، قەولی ئەحمەد و، شەرحی شەمسییە [ کە بە نووسینی سەعدەدین ئەلتەفتەزانی دادەندرێ]. بە کورتی ئەوان دەبێ دوازدە عیلم بخوێنن بەرلەوەی بتوانن ببنە مەلا و دەرسیان تەواو کەن". [ ژابا 14- 13 : 1860 ؛ خ 27- 26 ؛ زنار 11] 35.

جێی سەرنجە، چارپەردە، کە خەزنەدار ( خ 25 n2) بە شەرحێکی شافیعییەی ئیبنولحاجیب (ساڵی 1248 کۆچی دوایی کردووە) دادەنێ، بە فارسی یە؛ سەعدوڵا گەورە وەرگێڕاوی کوردیی خوارووی کارێکی دیکەیە کە بە بەربڵاوی بەکار هاتووە سەبارەت بە نەحو کە بە سەعدوڵا کەبیر بە نێوبانگە و سەعدوڵا سەغیرێکی کورتتر کە ئەویش هەر لە سەر نەحو ە و بە نێوە تورکییەکەی، سەعدوڵا کوچوک ئاماژەی پێ کراوە.؛ ئەوە دەکرێ نیشان بدا کە بەشێک لەو بابەتانەی خوێندن لە سەردەمی بایەزیدیدا بریتی بوون لە دەقی ئەوتۆی کە هەر کوردی نەبوون، بەڵکوو دەقی فارسی و تورکیشیان تێدا بووە؛ بەڵام هەڵبەت، تەنێ بە ئاماژە کردن بە نێوی ئەو کتێبانە، بەڵگەی ناتەواو و چلونیوەچڵن بۆ ئەوەی مرۆ بگەیێننە ئاکامی پتەو سەبارەت بەو کاروبارانە.

هەر چۆنێک بێ، شیکردنەوەی بایەزیدی لە عادات و ڕسووماتنامە 36کەیدا، جێی داخە کە بە ناتەواوی ماوەتەوە و، هیچ پەیوەستێکی بە ووردە ڕیشاڵ یان ئاماژەی ووردی لە مەڕ ژیانی مەدرەسە کوردییەکاندا تێدا نییە. لیستێکی زۆر بە ووردە ڕیشاڵتر سەبارەت بە خوێندنی مەدرەسان لە لایەن زەینەلعابدین زنارەوە ئامادە کراوە (100- 63 : 1993). زنار بە گشتی باسی 89 عینوان دەکا؛ لەوانە، بە لانی کەمەوە 9یان بە کوردین؛ 22 یان لەمەڕ ڕێزمانی عەرەبین (لە نێویاندا، ئی هەرە گرینگ، تەسریف و نەحو). زنار دەڵێ، 36 عینوانی یەکەمی نێو لیستەکەی بابەتی سەرەکی (خوێندنا ڕێزێ) ی خوێندنی مەدرەسە کوردییەکانیان پێک دەهێنا، لەوانە، 7یان بە کوردین؛ زیاتر لە سەر زێزمانن، بەڵام بابەتی مەنتیق یشیان تێدایە

(موغەنیولتولاب ی سێرتی (کە بریتی یە لە شەرحی عیساقوژی ئەلئەنباری)، قەولی ئەحمەد و، شەرحی شەمسییەی تەفتەزانی) و تەنانەت فەلسەفەش (بۆ نموونە شەرحی تووسی سەبارەت بە ئیشاڕات و موختارات ی تەفتەزانی).37 ئەو لێی زیاد دەکا کە 27 کتێب لە بابەتە سەرەکییەکانی خوێندن دەبوو لە بەر بکرێن. ئوێزتۆپراک ( 189- 185: 2003) وەک زنار بە ووردە ڕیشاڵ باسی بانەتە سەرەکییەکانی خوێندنی مەدرەسەی نەکردووەو هیچ بەووردەرێشاڵیش ئەوەی ڕوون نەکردووەتەوە کە کامەیەک لە زمانەکان بەکار دەهاتن و دەخوێندران لە پەروەدەی ویدا؛ بەڵام لە قسەکانی ڕا ڕوون دەبێتەوە کە بەشێکی زۆر لەو کارانەی بە زمانی کوردی بوون و بایەزیدی و زنار باسیان لێوە کردوون، هەر لەنێو ئەو کتێبانەدا بوون کە ئەو خوێندوونی یان لەبەری کردوون. بۆ وێنە، ئەو باسی نووبهاری خانی دەکا لە نێو یەکەم ئەو کتێبانەیدا کە لە بەری کردووە.38 لەوەش زیاتر، ئەویش ئاماژە بە تەسریف یَک دەکا " کارێک سەبارەت بە بابەتی سەرف کە بە کوردی نووسراوە"، لە گەڵ زرووف و تەرکیب ی مەلا یوونسی ئەرکاتینی [ واتر، خالقەتینی]، نەحوو " ڕێزمانی عەرەبی" 186 - 185: 2003)؛ ڕەنگە، سەرفەکە کارەکەی عەلیی تەرەماخی بووبێ. 39 وەکوو نووبهاری خانی، ئەو چوار کتێبە دەبوو بە لە بەر کراوی فێر بوویان. لەو 35 کارەی کە ئوێزتۆپراک باسیان دەکا، پێنجیان بە کوردین؛ نیزیکەی هەژدەیان لە مەڕ ڕێزمانی (عەرەبین)، لەوانە هەشتیان لە سەر نەحو؛ لەوەش زیاتر ئەوان چوار کاریان تێدایە سەبارەت بە مەنتیق و دوو کتێب سەبارەت بە هونەری بەیان. ئەو کارانەی لە مەڕ مەنتیقن بریتین لە شەرحی شەمسییەی ئەلقەزوینی، هەر وەها کارێک لەسەر فەلسەفە زۆر بە گشتی تر، واتە کتێبی ناسرەدینی تووسی بە ناوی حل مشکلات الاشارات، کە شەرحێکە سەبارەت بە کتاب الاشارات و التنبیهات ی ئیبنی سینا. ئوێزتۆپراک هەر وەها ئاماژە دەکا بە دوو شەرحی دیکەش لە مەڕ ئیشاڕات، کشف التنویحات ی محمد ئەلعەمیدی و کتێبی لوباب الاشارات ی فەخرەدینی ڕازی، بەڵام ئەو هیچ لە سەر ئەوەناڵێ داخودا ئەو کتێبانە خوێندراون یان نا. لەگەڵ ئەوەشدا، باسی کردنی کاری تووسی لە لایەن وی ڕا بەتایبەتی گرینگە، چونکە وەکوو دیکە هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە بیسەلمێنێ کە اشارات ی ئیبنی سینا لە مەدرەسەکانی دوای عوسمانیدا بە ڕێکوپێکی خوێندرابێ.40

لە نێوان ئەو لیستانەدا جیاوازییەکی کەم هەیە، ئەوەش ڕەنگە لەبەر چاو لێ هەڵبواردن بێ.بۆ وێنە زنار و بایەزیدی باسی ژمارەیەک کاری کوردی دەکەن کە ئوێزتۆپراک ئاماژەی پێ نەکردوون، بە تایبەتی مەولوودا کورمانجی مەلایێ باتەیی و عەقیدەیا ئیمانێ ئی خانی. ڕەنگە ڕاستی هەرە چاوڕاکێش ئەوە بێ، بە لەبەر چاوگرتنی کاری ئەو سێ نووسەرانە، نە دەقە ئەدەبییەکانی فارسی، وەک دیوانی حافز و گوڵستان و بۆستانی سەعدی و نە دقی کتێبی خوێندن سەبارەت بە ڕێزمانی فارسی، وەک، سەرفی ئەمیر، ویناچێ بەشێک لە بابەتەکانی خوێندنی مەدرەسەی کوردییان پێک هێنابێ، ڕەنگە بە ڕێزپەڕی کتێبەکەی فەریدەدینی عەتتار نەبێ، گشت ئەوە بابەتی باسەکەمان ئەوەندەی تر سەرنجڕاکێشتر دەکا، چونکە هەتا سەدەی بیستەمیش، زانینی ئەدبییاتی کلاسیکی زمانی فارسی بەرێژە لە کوردستاندا بەربڵاو بوو لە نێو زانایانی مەدرەسە کوردییەکاندا. داخودا ئەو زانینەی فارسی نیشانەیەکی خوڕاگری خوێندن و پەروەردەی کوردی بووە، یان ئەوە تازەکارییەکی مۆدێڕنی بەراییە و وەک ڕوعەیحەب ( ff210: 2008) دەڵێ لە ئاکامی هاتنی زانایانی سوننی فارس بووە کە لە دەست سەفەییەکان هەڵاتوون کە ویستوویانە لە دینیان وەرگەڕێنن و بیانکەنە شیعە؟ لەوانەنییە بکرێ وولامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، لە بەر ئەوەی هیچ سەبارەت بە ژیانی مەدرەسە کوردییەکان بەر لە سەدەی حەڤدەهەم نازاندرێ کە بکرێ بە دەرەجەیەک لە دڵنیاییەوە پشتی پێ ببەسترێ.

ئەو نموونەیەی لەو سەرچاوە جیاوازانە ڕا دەردەکەوێ بە ڕێژە ڕوون و شێلگیرە. ئەو عینوانانەی بایەزیدی، زنار و، ئویزتۆپراک باسیان لێوە دەکەن، دوای ڤێرناکیولاریزەیشن ی سەدەی هەژدەهەم، وەک بابەتە سەرەکییەکانی خوێندن لە مەدرەسە کوردییەکانی باکوور تا سەدەی بیستەم بە شێوەی سەرنجڕاکێش درێژەیان‌دا بە مانی خۆیان. کە وابوو، ژمارەیەکی باش لە دەقی کوردی بە بەربڵاوی خوێندران، لەوەش زیاتر، هەر سێک نووسەرەکان ئاماژەی پێ دەکەن کە چەندین کاری لەمەڕ مەنتیق بەشێک بوون لە بابەتی خوێندنی سەرەکی، لەکاتێکدا دوانەکەی دواتر واتە زنار و ئویزتۆپراک ئاماژە بە هەبوونی بابەتی دەرسی فەلسەفەش دەکەن.

لەوەش زیاتر، مستەفای دێهقان ئاماژە دەکا بە ژمارەیەکی زۆرو زەوەندی دەستنووس بە زمانی کوردی سەبارەت بە مەنتیق کە ڕیشەیان دەچێتەوە سەر سەدەی نۆزدەهەم، کە ئەو دەستنووسانە ووشەی بە ووردە ڕیشاڵیان تێدایە بە کوردی سەبارەت بە پەیڤی تێکنیکی مەنتیق بە عەرەبی. 41 ئەو دەڵێ ئەگەرچی مەنتیقی ئەرەستوویی لە مەدرەسە کوردییەکان‌دا لە سەدەی پازدەهەم بەدواوە خوێندراوە، بەڵام خوێندنی مەنتیق لە سەدەی هەژدەهەم و سەدەی نۆزدەهەنمدا برەوێکی تازەی پەیدا کرد ( 694: 2009). دوایە ئەو باسی ئەو جوورە دەستنووسە عەرەبییانە لەمەڕ مەنتیق دەکا کە شەرحی کوردییان هەیە، بەشێکی بە پاڵپشتی دۆزینەوەکانی ئەحمەدی سەرداری، کە بەڵگەی ئەوتۆ بۆ سەلماندی ئەو قسەیە بەدەستەوە دەدا کە تەلەبەکانی مەدرەسە کوردییەکان چالاکانە خەریکی بەدوا داچوون و خوێندنی مەنتیقی ئەرەستوویی بوون لەو سەە وبەندەدا. بەو پێیە، بە پشتیوانی قسەی ئەلروعەیحەب، کە لە سەرەوەدا باس کرا، هەم بە پێی ئەو دەستنووسانەی پارێزراون و هەم لەبەر بوونی ئەو بابەتانەی خوێندن کە سێ نووسەرەکان باسیان لێوە کردوون دەردەکەوێ مرخ و چالاکییەکی نەپساوە هەبووە بۆ خوێندنی مەنتیق (و، تا ڕادەیەکی کەمتر، فەلسەفە) لە مەدرەسە کوردییەکان لە ماوەی سەدەکانی نۆزدەهەم و بیستەم‌دا.

هەم سەرچاوەی نووسراو و هەم چاوەدێرییەکانی زانیاریدەرەکانی خەڵکی بەشە جیاوازەکانی باکووری کوردستان دەری دەخا کە سەرفی تەرەماخی زۆر بە بەربڵاوی، ئەگەر چی نەک لە هەموو جێیەک، پێی دەزاندرا و لە نێو مەدرەسەکانی کوردیی باکووردا بەکار دەهات. هەر بڵاوبوونەوەی ئەو کارە بە بەربڵاوی بۆخۆی دەیسەلمێنێ کە پێداویستییەکی ڕاستەقینەی پێ هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، باو بوون و شوێنی دیاری وی لە بابەتەکانی خوێندنی مەدرەسەی کوردی‌دا، ئەو پرسیارە لە بەر دەم مرۆ قوت دەکاتەوە بۆچی هیچ کارێکی دی بە زمانی کوردی لە سەر سەرف و نەحو نەنووسرا، یان ئاوا بە بەربڵاوی بەکار نەهێندرا، جگە لە تەرکیب و زرووفی مەلا یوونس نەبێ کە لە سەرەوەدا ئاماژەی پێ کرا. هەرئاواش ئەو ڕاستییە جێی واق وڕمانە کە هیچ ئەدەبیاتێکی هەموولایەنە بە دەوری ئەو دەقانەوە پەیدا نەبووە و چ تەفسیر و لێکدانەوەیان لە سەر نەکراوە. داخودا نەبوونی ئەدەبییاتی دیکەی ڕێزمانی لە کوردی‌دا نیشانەی ئەوەیە کە دەقی کتێبە سەرەتاییەکانی تەرەماخی و مەلا یوونس بە کردەوە بە پێویست زاندراون بەڵام لە ڕوی تیۆرییەوە وەکوو لاساکردنەوە چاویان لێ کراوە؟ ئەو بەڵگانەی بەدەستەوەن وێدەچێ وولامی ئەو پرسیارەی دوایی بە ئەرێیی بدەنەوە: هەر چۆنێک بێ، کارەکانی تەرەماخی و خالقەتینی تەنێ بۆ پۆلی یەکەمی خوێندنی فیقە کەلکیان لێ وەردەگیرا و تەنێ وەکوو کەرەستەی خۆ ئامادە کردن بۆ خوێندنی کاری زۆر گرینگیر بوون کە ئەوانە بە دەرجەی یەکەم بە زمانی عەرەبی و لە سەر عەرەبی نووسرابوون.

کورتی کەینەوە: ئەو بەڵگانەی بەدەستەوەن ئاماژە دەکەن بە پێواژۆی ڤێرناکیولاریزەیشن ی خوێندنی کوردی لە سەدەی هەژدەهەمدا، کە کاردانەوە بە دەزگایی کراوەکانی تا نێو سەدەی بیستەم درێژ بووەوە. لەوەش

زیاتر، ئەو گۆڕانە واتە ڕوو کردن لە دەقی کتێب بە زمانی کوردی لە لایەن نووسەرە بەراییە مۆدێڕنەکانەوە کە باسی ئەو پێشوەچوونەیان کردووە لە ڕووی کولتورییەوە زۆر بە گرینگ بیندراوە. بۆیە، هەم تەرەماخی و هەم بایەزیدی ئاماژە دەکەن بە دژواری سەرف و گرینگ بوونی هاوکاتی خوێندنی بە زمانی خۆجێیی خۆیی وەکوو پێشمەرجێک هەم بۆ خوێندنی سەرفی عەرەبی و هەم بۆ بەکار هێنانی دروستی زمان بە گشتی. لەوەش زیاتر، نیشانەی ئەوتۆ هەیە کە سەرف وەکوو بابەتێکی پێوانەدانەر کارلێکەری ئەوەی هەبوو بەکارهێنانی زمانی کوردی ڕۆنیشێ لە چوارچێوەی مەدرەسەکاندا و، زۆر لەوانەیە لە کەشوهەوای دیکەشدا.

ئاکام

نووسینەکانی ئەحمەدی خانی، عەلیی تەرەماخی و، ئەوانەی دیکەی لە سەرەوە باسیان کرا دوو شت بە ئاشکرا ڕوون دەکەنەوە:

یەکەم، کۆتایی سەدەی حەڤدەهەم و بەرایی سەدەی هەژدەهەم شاهیدی ڤێرناکیولاریزەیشن ی کوردی بوون: ئەگەر چی لە زەمانی پێشووتردا بە کورمانجی شێعر نووسرابوو، بەڵام لەو سەروبەندە دایە کە زمانی کوردی بۆ یەکەم جار بەکار دەهێندرێ بۆ نووسینی مەبەستگەلی زانستیانە و، بەتایبەتی بۆ بەکارهاتن لە مەدرەسەدا بە دەقی ئەوتۆی کە هەم بە شێوەی پەخشان و هەم بە شێوەی شێعر نووسرابوون. لە بەر ئەوە لێرەدا ئەمن ئەم گریمانەیە دەهێنمە گۆڕێ و دەڵێم ئەو دەقە نووسراوانە یارمەتی گرینگیان کردووە بە هەستی ناسێنەی کوردی لە سەر بنەمای زمان و هەم نۆرمێکی ڕێزمانییان پاراستووە بۆ کوردیی باکووری چ بۆ پێ نووسین (و چ بۆ قسە پێکردن).

دووهەم. نووسەرە مۆدێڕنە بەراییەکانی کورد ئیدیئۆلۆژی زمانی ئەوتۆ دەردەبڕن یان بەسەر داگیراوییەوە باسی دەکەن، کە لەلایەکەوە، بە ڕێژە نوێن لە چوارچێوەی نەریتێکی ئیسلامی پەروەردەدا لەبەر پێداگرییان لە سەر پێویستی نووسین بە کوردی، واتە زمانی عامە (هەڕەمە)ی نەخوێندەوار؛ و لە سەرێکی دیکەوە ئیدیئۆلۆژی زمانی ئەوان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش جوێیەلە ئیدیئۆلۆژییە ڕۆمانتیکە ناسیۆنالیستییەکان کە لە یەکەم تێڕوانینێدا وێدەچێ شیاوی بەراوەرد کردن بن. لەبەر ئەوە، مرۆ دەتوانێ ئەو ئەنجامە دەرخا کە ڕیشەی ناسیۆنالیزمی کورد ناگاتەوە سەدەی نۆودەهەم، و لە بەر ئەو ئیدیئۆلۆژییە بێگانانەش کە پێیەوە لکاون واتە ڕۆمانتیسیزمی ئەڵمانی یان ئیمپریالیزمی بریتانیا سەری هەڵنەهێناوە. بەڵکوو ڕیشەی لە بەکار هێنانی نوێی زمانێکی زانستی و پێ نووسینی کوردی دایە و لە ئیدیئۆلۆژییە نوێیە کوردییەکان لە سەر زمانی کوردی وەکوو زمانێکی کە ئەوە دەهێنێ بەکار بهێندرێ بۆ مەبەستگەلی زانستی، کە لە باکووری کوردستان سەری هەڵێنا لە ئاکامی بە دەرجەی یەکەم پێواژۆیە ناوچەییەکان لە ماوەی سەدەی هەژدەهەمدا. نێوبانگی دەقەکەی تەرەماخی لە نێو ناسیۆنالیستە کوردە لاییکەکاندا لە کارەکەی خانی کەمترە، بەڵام قسەکانی بایەزیدی، زنار و ئویزتۆپراک و چاوەدێری زانیاریدەرە ناوچەییەکان وەکوو یەک دەڵێن ئەو کتێبە لە وەچەیەکەوە گەیشتووەتە وەچەیەکی دی لە نێو کوردە خوێندەوارەکاندا و، لە مەدرەسەکانی باکووری کورددا تا ئەمڕۆش خوێندراوە.

ئەوە بەجێیە لێی بکۆڵدرێتەوە کە ئەو کارانە دەوریان تا چەندە بووە نەک هەر بۆ مانەوەی زمانی کوردی، بەڵکوو بۆ ستاندار کردن و هەر وەها دەکار کرانی وەکوو زمانێک بۆ دەربڕینی کولتووری بەرزی ئەدەبی. لەم قسانەی لە سەرەوەدا کران دەکرێ دوو ئاکامی گشتی دیکەش وەربگیرن. یەکەم لە بەرانبەر فەرزییەکانی ئۆریانتالیستی و مۆدێرنیستی، وا وێدەچێ کە نەریتەکانی خوێندنی پێش مۆدێڕن یان بەرایی مۆدێڕنی نا

ڕۆژئاوایی نەک هەر لەبەر بوونی خۆیان جێگەی ئاوڕ لێدانەوە و سەرنج دانن، بەڵکوو یارمەتیشیان کردووە بە شکڵپێدانی تەجروبەی مۆدێرن. دووهەم، ئەم نموونەی کوردییە دەکرێ نیشانەی نمونەیەکی بەربڵاوتری ڤێرناکیولاریزەیشن بێ کە دەکرێ لە نێو گەلەکانی دیکەی تەبەعەی ئیمپراتۆری عوسمانیدا، چ عیسایی و چ موسوڵماندا ببیندرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، بەیانێکی بە ووردەڕیشاڵ و پارێزگاریکردن لەو ئیدیعا بەربڵاوترە، دەکرێ چاوەڕانی دەرفەرتێکی دیکە بێ.

---------------------------------------------------------------------

ژێر نووسەکان

1- توێژینەوەی سەرەتایی لە مەر ئەم نووسینە ئەو دەمی بەڕێوەچوو کە ئەمن لێکۆلەرەوە بووم لە ئەنیستیتووی هۆلەند بۆ لێکۆلینەوەی پێشکەتوو (NIAS) لە واسێنار، هۆلەند، هەر وەها بۆ ئەو توێژینەوە [کەلکم وەرگرت لە پشتیوانی مادی ڕێکخراوەی لێکۆلینەوەی زانستی هۆلەند ( NWO) وەکوو بەشێک لە پڕۆژەی پیرۆز و سیکولار: ڕەچەڵەکناسی خۆ، دەوڵەت و کۆمەڵ لە دنیای مۆدێرن بووی موسوڵمان. پشتیوانی هەر دوو ئەو دامەزراوانە زۆر جێگەی سپاس و پێزانییە. ئەمن بۆ ئەو لێکۆلینەوە قەرزداری کەسی جۆر بەجۆریشم، بە تایبەتی زەینەلعابدین زنار، کە مێهرەوانانە نوسخەیەکی لە کتێبکەی پێ دام، هەر وەها محەمەد عەبلی قەرەداخی، کە کۆپێکی زیراکس کراوی دەستنووسێکی پێشان دام کەلە عێراق پارێزراوە. ئەمن هەر وەها بە قووڵی سپاسی ئیسماعیل سەعید، قەدری یلدرم، سەلیم تەمۆ، خالید ئەلروعەیحەب، خوداڵێخۆشبوو مارف خەزنەدار و ژمارەیەک لە زانیاریدەرانی ناوچەیی کورد دەکەم کە ڕەنگە پێیان خۆش بێ بە نەناسراوی بمێیننەوە،بەڵام زانیاری لە قیمەت نەهاتوویان پێدام سەبارەت بە ژیانی مەدرەسە لە باکووری کوردستان.

2-Maurizio Garzoni, Grammatica e vocabulario della lingua kurda (Rome 178.(

3-Alexandre Jaba, Receuil de notices et de récits Kourdes (St. Petersburg 1860(,pp.VI-VII.

4- بە هەڵکەوت، کۆمیسیۆن بە دژی بڵاوبوونەوەی کورتەی داستانی مەم و زین ش کە مەلا مەحموودی بایەزیدی ئامادەی کرد بوو بڕیاری‌دا. ئەو کورتەیەی مەلامەحموود دواتر بە خەتی لاتینی بڵاو بووەوە. مەلا مەحموودی بایەزیدی، مەم و زین، (دیار بەکر 2007)؛ ئەگەرچی بە ڕوونی دەردەکەوێ کە ئەو دەقە لە سەر بنەمای نووسخەی نووسراو ئامادە کراوە تا شێوە زارەکییە زۆر و زەوەندەکانی کە لە نێو بەیت بێژانی کورددا باون، بەڵام لەو نوسخەیەدا لایەنی عیرفانی دەقەکەی خانی بە تەواوی دەرهاوێژراوە.

5-Cat.nr.C 1958, Petersburg Oriental Institute.

6- مارف خەزنەدار (بژارکار.)، دەستوورا عەڕەبی ب زمانێ کوردی. بەغدا: دار الزمان، 1971؛ بە هێنانە سەر ڕێنووسی لاتینی بە نێوی عەلیی تەرەماخی، صەرفا کورمانجی (بژارکاران مارف خەزنەدار/ زەینەلعابدین زنار) ستۆکهۆلم، پەمجینار، 1997 چاپ کراوەتەوە.

7- ڕەشید فندی، عەلیی تەرەماخی یەکەمین ڕێزماننڤیسێ کوردە (بەغدا 1985). مامۆستا قەدری، "عەلیێ تەرەماخی و دیتنێن وێێ ل سەر ڕێچکێن ڕێزمانا کوردی ل گۆر پرتووکا وی یا ب ناڤێ دەستوورا زمانێ عەڕەبی ب کوردی دگەل هند نموونەیێد فارسی و کوردی"بیر، هەژمار 1 (بهار 2005)، لاپەڕەی 198- 192.

8-Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1085 5 San Francisco: Edwin Mellen 1992/81 بە تایبەتی لاپەڕەی

Mehmed Uzun , Despéka edebiyeta Kurdi ( AnkaraM Beybùn, 1992 )، بەتایبەتی لاپەڕەی 15-16

9- لە خوارەوە ئەمن ئەو قسانەی لە چاپەکانی تەسریف ی خەزنەدار و زنار دەیان گێڕمەوە بە "خ" و "ز" و بە دووی‌دا بە ژمارەی لاپەڕە دیاری دەکەم.

10- ئەو کورتەیەی کە ساگنیچ لە سەر ژیانی تەرەماخی و کارەکانی نووسیوێتی لەم کتێبە دایە: فەقێ حوسێن ساگنیچ، دیرۆکا وێژەیا کوردی (ئەستەنبووڵ 2002)، لاپەڕەی 387-390، وێدەچێ زیاتر لە سەر بنەمای گێڕانەوەکەی بایەزیدی بێ.

11-M.B. Rudenko, Opisanie kurdskikh rykopisei leningradskikh sobranii ( Moscow 1961),pp.101-102

12-Cat no.Kurd 18, State library, Petersburg; Ms.Or.Quart. 1057, SB Marburg/Berlin.Cf.Rudenko

(1961: 102-103);cf.K.Fuad, Kurdische Handschriften ( Berlin 1970),pp.114-115.

13- ئەو دەستخەتە بێ بەراوەردی تەسریف محەمەد عەلیی قەرەداغی بە منی نیشاندا، کە بە تەواوی بە سەر و بۆر نووسراوەتەوە و لە پەراوێزی لاپەڕەکانی‌دا شەرحێکی زۆر نووسراوە. وێدەچێ ئەم نوسخەیە ژمارەیەک جیاوازی گرینگی هەبێ لە گەڵ ئەو دەقەی‌دا کە خەزنەدار بڵاوی کردووە و زنار هێناویەتە سەر ڕێنووسی لاتینی؛ بەڵام لە بەر ئەوەی ئەمن هیچ کۆپی دەستنووسەکەم بە تەواوی لە بەر دەستدا نییە، لێرەدا ناتوانم زیاتر لە سەر ئەو باسە بڕۆم.

14- بۆ ئاگاداری گشتی لە سەر مانای "نەحو"، "سەرف"، "تەسریف" و لە سەر ڕیشە و پەیڤە سەرەتاییەکانی زمانناسیی عەرەبی بە زمانی ئینگلیسی بڕواننە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

For brief introductory remarks, see the lemmata ‘Nahw’, ‘Sarf’ and ‘Tasrif’ , all by C. Versteegh, in the Encyclopedia of Islam (2nd ed.). For more on the origins and basic vocabulary of the Arabic linguistic sciences including sarf ot tasrif, see Jonathan Owens 1988 The Foundations of Grammar: An introduction to Medieval Arabic Grammatical Theory ( Studies in the History of the Language Sciences, no.45). Amsterdam:John Benjamins. See also Michael Carter 1973 Sarf et Khalif : Contribution à la grammaire aeabe. Arabica 20: 292-304; Michael Carter 1985 When did the Arabic word nahw . first come to denote grammar? Language and Communication 5: 265-272

ئەوانە و سەرچاوەی دیکە بە گشتی جەخت دەکەن لەسەر قۆناخی بەرایی لێکۆڵینەوە لە مەڕ زمانی عەرەبی تا کاتی دامەزرانی "نەریت"ێکی ڕێزمانی بە نێوی قوتابخانەی بەسرە.

15-Cf. Bernard Weiss, ‘ A theory of the parts of speech in Arabic ( noun, verb, particle): A study of ‘ ilm al- wad’. Arabica XXXII ( 1976): pp. 23 – 36

16- ئەمن توانیم شوێنگێڕی ئەو قسەیە بکەم، زۆر وێدەچێ لە دەقێک ی بەقافیەی سەرفی زمانی تورکییەوە داکەوتبێ .ئەمنیش وەک خەزنەدار ریزی دووەم وەک ئۆکویان دەرراک گەرەک دەخوێنمەوە نەک ئەوەی زنار دەڵێ ئوکویان دیر ئونو گوێرەن.

17-Mulla Mahmùdé Bayazidi, Adat ù Rusùmetnameé Ekradiye. MS 1858/1274,cat.nr.Kurd 34،
Gosydarstvennaya pyblitsnaya biblioteka, Leningrad (Petersburg), edited by Jan Dost, Adat ù Rusùmetnameé Ekradiye ( Istanbul 2010), pp. 36-38

18- بۆ دەربڕینێکی کورتی بەراوەردکارانە، بڕوانە:

S.Pollock,'Cosmopomitan and vernacular in history.' Public Culture 12(2000):591-625؛

بۆ شیکردنەوەیەکی زۆر بەوورده ڕیشاڵتر بڕوانە، کتێبە زۆر بە قیمەتەکەی پۆڵاک:

The Language of the Gods in the World of Men ( Berkeley 2006.(

19- بە تایبەتی تەماشای ئەم سەرچاوەیە بکە،

M.Silverstein, Language Structure and linguistic ideology, in P.Cline a.o.(eds.) The Elements) Chicago 1979),pp. 193-247.

بۆ لە سەر دوانێکی زیاتر پێوەندی ڕاستەوخۆی هەبێ بەم نووسینەی بەردەست، بڕوانە:

R.Bauman & Ch. Briggs, Voices of Modernity (Cambridge 2003.(

ئەم نووسینە بەشێکە لە کارێکی گەورەتر کە ئێستا لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکەم،- 20

From Coffee House to Nation State: The Emergence of New Public Languages in the Modernizing Ottoman Empire.

دەربڕینێکی بەرایی قسە گشتییەکەی ئەو بابەتە، کە جەخت دەکا لە سەر ڕەهەندیی دینی و مانا سەر داگیراوە فەلسەفییەکانی تا ئەوەی لە سەرتایبەتمەندییە زمانییەکان ئیست بگرێ،لەم نووسینەی خوارەوەی منذا هاتووە

'The structural transformation of the coffeehoude: Language, religion, and the public sphere in the modernizing Muslim world،ئەو بابەتە کەم کتێبەدا چاپ دەبێ'

D.Houtman and B. Meyer ( eds.), Things: Religion and the Question of Materiality.

21-Halil Inalcik, The ottoman Empire: The classical age (1973), p.201

تەرەماخی ئاماژە دەکا " لە هەموو زمانێکدا، زانستی سەرف هەیە و دەکار دەکرێ" (خ 29؛ ز 14، مەبەستێتی بلێ کە ئێستا سەرفێکی فارسی هەیە و ئەوەی کە، ئەویش وەک سەرفی عەرەبی دەتوانێ پەیف و نموونە بۆ شیکردنەوەی کوردی لە ڕووی ڕێزمانەوە لە بەر دەست بنێ(هەر لەوێ). لە دەقەکە ڕا بە ڕوونی دەرناکەوێ داخودا تەرەماخی مەبەستی لە هەر شێکردنەوەیەک بە زمانی فارسییە کە لە بەر دەستدا بووە یان نا، چونکە نە ئەو بۆ خۆی و نە نووسەرەکانی دواتر وەکوو بایەزیدی، زنار یان ئوێزتۆپراک ( کە لە خوارەوە قسەی لێوە دەکەین) لە لیستەکانیاندا ئاماژە بە سەرچاوەی ئەوتۆ ناکەن کە بەتایبەتی لە سەر سەرفی فارسی بێ.

22-Katib Chelebi, The Balance of Truth, Tr.G.Lewis ( London 1957), p.26. In la science chez les turcs ottomans ( Paris 1938), esp.pp.92,106

عەدنان ئادیوەر، بە ڕواڵەت لە سەر بنەمای قسەی چەڵەبی، هەر هەمان شت دەڵێ.

23-Khlid al-Rouaheb, 'The myth of the" triumph of fanaticism" in the seventeenth- ce,tury Ottoman empire. Die Welt des Islams 48 (2008): 196-221.

24-Cf. M. van Bruinessen, “ Les Kurdes et leur langue au XVIIe siècle: notes d’Evlia çelebi sur les dialects kurdes” , Studia Kurdica No. 1-5 ( 1988), 13-34.

25 – مەولوودی باتەیی لەم دواییانەدا دیسان چاپ کراوەتەوە. لاپەڕەکانی 234 - 173ی خالید سەعدینی، مەلا حوسەینێ باتەیی" ژیان، بەرهەم و هەڵبەستێن وی ( ئەستەنبووڵ 2010)؛ چاپێکی بە دوو زمان ئی تازە بریتی یە لە جزیری، دیوان مەلایێ جزیری، بە وەرگێڕانی تورکییەوە، عوسمان تونج بژاری کردووە ( ئەستەنبووڵ 2010).

26- لەم دواییانەدا، قەدری ییلدرم هەم نووبهارا پچووکان و هەم عەقیدەیا ئیمانێ ی بە شێوەی کتێب چاپ کردووەتەوە، لە گەڵ شەرحی دوور ودرێژ ( ئەحمەدێ خانی کولیاتی، بەرگی 1 و 2، ئەستەنبووڵ 2008). دەقێکی دیکەی عەقیدەش،عەقیدەیا ئیسلامی بە ئاسایی بە ئی خانی دادەندرێ (بۆ وێنە لە لایەن حەسەنپوورەوە ( 54: 1992)، کە لە ڕاستییدا پێی وایە ئەو دەقە هەر هەمان عەقیدەیا ئیمانێ یە)؛ ئەو کارە، بۆ وێنە لەچاپی تازەی کارەکانی خانی شدا هەیە (هەموو بەرهەم، دیاربەکر 2007، لاپەڕەی 365- 349). دیارە هۆی باش بە دەستەوەیە، گومان لە ناساندنی ئەو کارە وەک ئی خانی بکرێ. یەکەم، لە بەر ئەوەی بەشێکی بە پەخشان نووسراوە، بە پێچەوانەی هەر کارێکی دیکەی خانی؛ دووهەم، لەو دەقەدا جیاوازیی فکری بەرچاو هەیە لەگەڵ عەقیدەیا ئیمانێ،بەڵام دەکرێ بڵێین لە ڕوی نێوەرۆکی فکرییەوە و جار جارە تەنانەت ووشەکانیشییەوە وەکوو دوو دەقی عەقیدەی سەدەی نۆزدەهەم دەچێ کە لە نێو کۆر و کۆمەڵی خالیدییەی نەخشبەندی باو بوون، واتە.عەقیدەتنامە کوردی مەولانا خالید کە لە بناوانەوە لە دەور و بەری ساڵی 1800دا بە کوردیی سۆرانی نووسراوە و، دەقێکی کورتی عەقیدە بە لەهجەی حەکاری (بۆ ئەوەی یەکەمیان، بڕوانە ئەو کتێبەی محەمەدی مەلا کەریم بە نێوی عەقیدەی کوردی مەولانا خالیدی نەخشبەندی بژاری کردووە و لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق - دەستەی کورد 8 (1981): لاپەڕەی 222 – 199دا چاپ بووە و لە کتێبی کەماڵ ڕەئووف محەمەددا چاپ بووەتەوە،عەقیدەی ئیمان – عەقیدەی کوردی (هەولێر 2004) ؛ بۆ ئەوەی دواییان هەر وەها بڕوانە

D.N.Mackenzie, ‘ A Kurdish Creed’ , in W.B.Henning & E. Yarshater (eds.) A Locust’s Leg ( London ,(1962pp.162-170

27 - نهج الانعام لە لایەن زەینەلعابدین زنارەوە بە ڕێنووسی لاتینی لە ستۆکهۆڵم چاپ کرا؛ چاپێکی دیکەی کە هێنراوەتە سەر خەتی لاتینی ئەنیستیتووی مێزۆپۆتامیا لە ئەستەنبووڵ لە ساڵی 2002دا بڵاوی کردووەتەوە.

28- کوتوپهانە (کتێبخانە)ی میللی لە ئانکارا دەستنووسێکی بە زمانی عەڕەبی هەیە کە بریتییە لە دەقێکی کورتی سەرەتا ئی سێرتی ( ژمارەی کاتالۆگ 9572، پوشەی 37- 25)؛ ئەمن سپاسی خالید ئەلروعەیحەب دەکەم بۆ ئەو زانیارییە. لەو کتێبخانەیەدا کارێکی دیکەی سێرتی ش هەیە: منظومە عقاید کە دەکرێ یان ناکرێ هەر نهج الانعام بێ. ( ژمارەی کاتالۆگ 5752) دەستنووسی کارەکانی دیکەی سێرتی ڕەنگە لە کتێبەخانە دەوڵەتییەکان یان کۆکراوە دەوڵەتییەکاندا سەر وەدەر نێ.

29- ئەو نووسخە لە دەستنووسەی زرووف کە لە ماربورگ/ بێرلین پارێزراوە بە لێدوان لە دوو قوتابخانەی جیاوازی ڕێزمانی ( مذاهب) ی بەسڕە و کووفە دەست پێدەکا و بەو شێوەیە ئاشنایەتییەکی سەرەتایی لە گەڵ دەمەتەقە بەراییە تیۆرییەکان سەبارەت بە نەحو نیشان دەدا.

30- زنار دەڵێ لەو مەدرەسەیەی ئەوی چووەتێ، ئەگەرچی ئەو کارانەی دەخوێندران زۆربەیان بە زمانی عەڕەبی بوون،بەڵام مامۆستاکان ئەوانیان وەردەگێرا سەر کوردی و بە کوردی بۆ شاگردانیان لێک دەدانەوە (48: 1993).

31- بۆ زانیاری و ئەدەبییاتی زیاتر لە سەر ئەلکاتبی و ئەلتەفتەزانی تەماشای ئەو شیکردنەوە کورتانەی بکەن لە، ئەم کەسانە نووسیویانە،

M.Mohaghefh, W. Madelung؛

هەر وەها بڕوانە،

Rockelmann

بۆ چاپێکی دەقی عەرەبی و وەرگێڕانی ئینگلیسی شەمسییە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

Shamsiyya, A/Sprengers, First appendix to the " Dictionary of the technical terms used in the sciences of the Mussulmans , Mohammad 'Ali al Tahanawi،

ئەوە باسی مەنتیقە عەرەبییەکان دەکا بە زمانی ئەسڵی عەرەبی، لە گەڵ وەرگێڕانێکی ئینگلیسی کە ساڵی 1854 لە کالکوتا بڵاو بوەتەوە؛ شەمسییە بە ووردەڕیشاڵی تا ڕادەیەک زیاترەوە ئەم نووسەرەی خوارەوە لە سەری دواوە:

Tony Street in Peter Adamson (ed.) , The Cambridge Companion to Arabic Philosophy (Cambridge 2005) pp. 247-265.(

32- لەو دوایانەدا وەرگێڕاوێکی کوردی نێوەڕۆکی سێ کار بە زمانی عەرەبی لە سەر عەقیدە و فیقهی شافیعی چاپ بووە لە لایەن بورهان حەدیبی یەوە بە نێوی عەقیدە و فیقها زەلال ( ئەستەنبووڵ 2011).

33- بۆ لیستێکی تەواو لە مەڕ ئەو کتێبانەی لە بابەتی خوێندنی مەدرەسە کوردییەکاندا بوون بڕوانە:

Z. Zinarn, Xwendina medresé ( Stockholm 1993(

بە تایبەتی لاپەڕەی 100 – 63. کورتەیەکی ئینگلیسی ئەو کتێبە بە نێوی :

Z.Zinar, Medrese education in Kurdistan. Les annals de l'autre Islam, no.5: Islam des Kurdes , pp.39- 58.دا چاپ بووە

34- سەیرە، سەرفی تەرەماخی لەو لیستەیەدا نییە؛ دەکرێ بایەزیدی بە هەڵکەوت چاوی لێ هەڵبواردبێ، یان بە هەڵە بە تەسریفی مەلا یوونسی دانابێ. ئەو بۆچوونەی دواتر دەکرێ زیاتر وە ڕاستی بچێ، چونکە لە سەرچاوەی دیکەدا باسی هیچ دەقی تەسریف بە قەڵەمی مەلا یوونس نەکراوە.

35- وەرگێڕانی فەڕانسەیی ژابا (14: 1860) بە هەڵە حیسامکاتی بە کارێک دادەنێ سەبارەت بە هونەری بەیان و قەولی ئەحمەد بە قورئان و شەرحی شەمسییە ش بە " شیکردنەوەیەکی قانوونە دینییەکان"دا دەنێ.

36- بۆ چەند تێبینی زۆر کورت ی گشتی سەبارەت بە ژیانی مەدرەسەی کوردی سەدەی نۆزدەهەم بڕوانە: دۆست ( بژارکار) 156: 2010، زۆر چاوڕاکێشە، بایەزیدی کە لە ساڵی 1857،دا نووسیویە هەستی پێکرد هەم ژمارەی مەدرەسەکان لە کوردستان و هەم بەکارهاتنی زمانی کوردی لە بەراوەرد کردن لە گەڵ سەردەمی تەرماخیدا زۆر کەمی کردووە. ئێمە چ شتێکی وامان بە دەستەوە نییە کە بتوانین ئەو ئاماژیە هەڵسەنگێنین، کە وێدەچێ درکێنەری باوەڕییەک بووبێ کە کۆتایی ڕۆژەکان نیزیک بووبێ.

37- ڤان بڕاوئێسن (28 ن55: 1988) لە پەراوێزێکدا بۆ کورتەی کتێبەکەی زنار بە ئینگلیسی ئاماژەی پێ دەکا ئەو دەقە فەلسەفییەی زنار وەک موختەسەری سەعد تەفتازانی باسی کردووە لەلیستەکەی بڕۆکلماندا نییە.

Brockelmann , Geschichte der arabischen literatur

لە گەڵ ئەوەشدا، میللی کوتوپهانە لە ئانکارا، دوو دەستنووسی تەفتازانی هەیە کە هەر دووکیان ئەو ناوەیان هەیە یەکیان بەرواری ساڵی 989ی کۆچی پێوەیە. ئەو شوێنەوارە دەکرێ هەر هەمان،مختصرالمعانی بێ کە ئی ساڵی 988 ە، ئەویش لە ئانکار و لە زانکۆی لەیدەن لە هۆلەند پارێزراوە.

38- لە لیستەی ئەو کتێبانەی‌دا لە مەدرەسەکان لەڕۆژهەڵات خوێندراون و لە کارەکەی ئۆیزتۆپراکدا هاتووە، بەهەڵە وەک فەرهەنگی عەرەبی - تورکی باسی نووبهار کراوە (185- 2003).

39- ڕەقمی ژمارە 41 لە لیستەکەی زناردا بریتییە لە تەفسیری عەرەبی،کە مەلا عەلیی یەک نووسیویە؛ دیارە نییە

داخودا ئەوە هەر هەمان شت نییە کە لە ژمارەی 10دا وەک تەفسیرا کورمانجی باس کراوە و ئەویش بە ئی مەلا عەلیی یەک داندراوە ( کە بێگومان مەبەست لە عەلیی تەرەماخی یە).

40- جان یوست ویتکام ئاگاداری کردم دەستنووسەکانی ئیشارات لە سەرزەوییەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی پێشوودا زۆر کەمن و باوەڕێکی بەربڵاوی وا هەیە کە بە ڕێگای ئەو کارەوە بوو کە فەلسەفەی ئیننی سینا مایەوە و دواتر لە نێو عارفانی ئیسلامی و زانایانی ئیسلامیدا دەگەڕا.

41-Mustafa Dehqan, ‘Kurdish glosses on Aristotelian logical texts’. Philosophical Quarterly 60 (2009 .697 -692 :)

ئەم بابەتەم لە ماڵپەڕێ ماڵپەڕی ناوەندی نووچەو شرۆڤەی رۆژ گواستۆتەوە.